# لاش نۆرێن

شانۆنامە

# شەڕ

لە سوێدییەوە
دلاوەر قەرەداغی

**ناوی کتێب: شەڕ**

**نووسەر: لاش نۆرێن**

**وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی**

**بەراوردکردن و پێشەکی: دانا ڕەئوف**

# شەڕ لە (شەڕ) ی لاش نۆرێندا

## دانا ڕەئوف

لەژمارە ( 1 ) ی ئەم زنجیرەیەدا، شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) مان بڵاوکردۆتەوە کە لەنووسینی نووسەری سوێدی لاش نۆرێنە و لەگەڵ شانۆنامەکەدا، پێشەکییەکی تێروتەسەلمان لەسەر ڕەوتی شانۆی لاش نۆرێن نووسیوە. لاش نۆرێن لەماوەی زیاتر لە چل ساڵدا لەسەر پێوەندییەکانی فەرزەند و دایك و باوك و تەنگژەکانی تری ناو خێزان نووسیویەتی. بەڵام لە شەڕدا بەتەواوەتی لەخێزان بەپێی چەمکەکانی بۆچوون و دیدی لاش نۆرێن، دووردەکەوێتەوە و لەبری ئەوە، لە کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر خێزان ئەدوێت.

## * دەروازەیەك بۆ ناسینی لاش نۆرێن

لاش نۆرێن دادەنرێت بەگرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی ئەمڕۆی سوێد و بە یەکێك لەنووسەرە دیار و ناسراوەکانی ئەوروپا و جیهانییش. ئەم نووسەرە تاکو ئێستا زیاتر لە حەفتا شانۆنامەی نوسیوون، تێکستەکانی بەردەوام لەسەر شانۆکانی سوێد پێشکەش دەکرێن، هەروەها بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زوربەی زمانەکانی جیهان و ساڵانە لەسەر شانۆ گرنگ و گەورەکانی ئەوروپا پێشکەش دەکرێن.

گەر پێناسەیەکی کورتی جیهانی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بکەین، دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ بکەین، هەرچەندە خێزان لە چەقی هەموو ڕووداوەکاندایە، بەڵام سیمای کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێری ڕووداوەکانی و خودی جیهانەکەی هەر یەکێکە: بێ هیوایی، خەمۆکیی، سەرلێشێوان، نەخۆشی دەروونیی، دڵەڕاوکێ و یادەوەرییەکان. هەر لەم دەروازەیەوە دەتوانین بڵێین کە ژان و پەژارە یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی دنیای ئەم نووسەرە، هەر لەبەر ئەمەشە، زۆر جار ژیان دەبێتە زیندەخەونێکی بێ ئارام و بێزەوەر. لەم زیندەخەونەدا، جگە لە ئازارە دەروونییەکان، مەسەلەکانی سێکس و سێکسەناسازی وەك بارێکی مەجازی و جیاواز، هەڵوێستەیەکی دڕندەئاسا لەلای پاڵەوانەکانی دەخوڵقێنێ.

لاش نۆرێن هەمیشە ویستوویەتی بینەرەکانی خۆیان لە ڕووداو و کەسایەتییەکانیدا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و لە شانۆنامەکانیدا، ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە. لەم ڕووەوە لاش نۆرێن دەڵێت:( کاری شانۆ ئەوەیە کە هەوڵ بدات تواناکانی مرۆڤ بەرەو پێشەوە بەرێت. گرنگترین شت ئەوەیە کە بتوانین ڕاستییەکان بخەینە ڕوو. من هەمیشە هەوڵ ئەدەم پێوەندی لەنێوان شانۆ و بینەراندا بخوڵقێنم، تا بتوانین دەرگایەك لەنێوان خەیاڵ و واقیع، خەیاڵ و بینەراندا بکەینەوە.)

ئەم نووسەرە لە سەرەتادا، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە شیعر دەست پێدەکات و لەڕێگای وشە و وێنە شیعرییەکانییەوە لە دەرگای ئەدەب دەدات و هەر لەم ڕێگایەشەوە بە ناواخنی گرفتەکانی مرۆڤ و ئازارە دەروونییەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە. یەکەم بەرهەمی شیعری (لەیلاك، بەفر) لە شەستەکاندا بڵاودەکاتەوە، دواتر بە چەندین دیوانە شیعری تر و ڕۆمان بەردەوام دەبێت. بەڵام شیعر هەرگیز ناتوانێ گوزارشت لەهەموو دید و بۆچوونە دژوار و چڕ و فراوانەکەی بکات. لەبەرئەوە شانۆ دەبێتە سەرەتایەکی تر بۆ لاش نۆرێن.

ئەم نووسەرە دوای بیست ساڵ لە هەوڵ و تەقەلایەکی بەردەوام، وەك نووسەرێکی بەتوانا متمانە بەدەست دێنێ،

ئەویش لە ساڵی 1982 دا بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و لە ساڵی 1983 دا بە شانۆنامەی (پشێوی دراوسێی خوایە) وەك نووسەرێکی گەورە لەنێوەندی ئەدەبی و ژیانی کولتووری سوێددا دەناسرێت.

ئەم نووسەرە شێوازێکی ناتورالیزمی پتەو دەکاتە دەروازە و سترکتوری شانۆنامەکانی، زمانێکی بەرزیش، شیعرئامێز و لەهەمانکاتدا نزیك لە ئاخاوتنی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە، ئاوێزانی ئەو فۆرمە ناتورالیستی و دەروونییەی دەکات. لاش نۆرێن لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەتوانێ دابڕانێکی گەورە و وەرچەرخانێکی سەراپاگیر لەو شێوازە ناتورالیستی و ناوەڕۆکە خێزانییەدا بکات، کە پێیناسراوە. لەبری ئەوە فۆرمێکی تر دەدۆزێتەوە و لەهەمانکاتدا زمانێکی تری جیاوازیش بەکاردێنێ. لەم قۆناخەدا شانۆنامەکانی ڕوودەکاتە پرس و گرفتە چینایەتییەکان و زیاتر شانۆکەی شانۆیەکی سیاسی/چینایەتی و هەروەها فەلسەفییە، ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئەم شانۆیە لەگەڵ هەموو چەمك و پانتاییە سیاسی، فەلسەفی و چینایەتییەکەیدا، بنەمایەکی قووڵی دەروونیشی هەیە.

ڕەوتی شانۆی لاش نۆرێن ئێجگار بەربڵاو و فراوانە، چەندین قۆناخ لەخۆدەگرێت و هەموو فۆرم و شێوازەکان تاقیدەکاتەوە، بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بە وردی و بەشێوەیەکی فراوان لە بەرهەم و قۆناخەکانی کار و نووسینی لاش نۆرێن بدوێین، بەڵام

هەوڵ ئەدەم زۆر بەکورتی پێکهاتەکانی سترکتوری ئەم شانۆیە ڕوونبکەمەوە[1].

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە لە شەستەکاندا زۆر بەفراوانی بەرجەستەی ڕۆڵی دایك دەکات، لە حەفتاکاندا باوك پێگە و بەهایەکی گەورە لەخۆدەگرێت، لەهەشتاکاندا خێزان بەهەموو لایەنییەکانییەوە، دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و سەنتەری بیرۆکەی هەموو شانۆنامەکانی. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی ئەو خێزانانە بەتەواوەتی دادەڕمێن و کۆمەڵگەیەکی بێکار، نەخۆش و بەدمەست جێگاکانیان دەگرێتەوە. لە ساڵەکانی دوو هەزاریش بەدواوە، شانۆنامەکانی مۆرکێکی فەلسەفی و ئیگزیستێنتیالیزم لەخۆدەگرن. لەم قۆناخەدا مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە، بەتایبەتییش وەك لایەنێکی گرنگی ژیان، لەناوەندی ڕووداوەکاندایە.

لاش نۆرێن هەمیشە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی گریکی و وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند سوودی لێوەرگرتووە، هەروەها بێکێت و هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بەرەوپێشچوونی ئەزموون و ڕەوتی شانۆنامەکانییەوە هەبووە.

---

[1] بۆ زیاتر شارەزابوون و قووڵبوونەوە بە ژیان و ڕەوتی شانۆ و فەلسەفەی لاش نۆرێندا، بگەڕێوە سەر گوتاری ( لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما = =(کۆمەڵایەتییەکان)، نووسینی دانا ڕوئوف، پێشەکی شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی جیهانیی، ژمارە 1.

## * ئیدی هیچ منالێك له ئارادا نییه

شەڕ له ئەزەلەوە لەگەڵ مرۆڤ دروست بووە و هێندەی بوونی مرۆڤایەتی کۆنە، هیچ شتێك هێندەی شەڕیش کارەسات نییە، لەژێر سێبەری شەڕ و لەبەر شاڵاوەکانیدا خەڵك تووشی هەموو جۆرە نەهامەتییەك دەبێت، لەکاتی شەڕدا هەموو سنوورەکانی لۆژیك و مۆراڵ هەڵدەوەشێن. هەستی قوتاربوون، خۆپاراستن و دابینکردنی بچوکترین پێداویستییەکانی ژیان و نانی ڕۆژانە، لۆژیك و مۆراڵێکی تر دروست دەکەن.

منداڵ هەستی منداڵیی خۆی لەدەست ئەدات، ژنان و کچانیش بەشێکن له قوربانییەکانی شەڕ: لاقەکردن و ئابڕووبردنی ڕەگەزی ئافرەت هەمیشە یەکێك بووە له چەکە قورسەکانی جەنگ و بە دڕندەترین شێوە بەکارهاتووە. زورجار ژنان لەکاتی جەنگ و لەلایەن سەربازەکانەوە لاقەدەکرێن، دواتریش لەلای هێزە سەرکەوتووەکانەوە. شەڕ گوزارشت له دڕندەیی مرۆڤ و هێزی کاردانەوەی شاڵاوە دژایەتییەکان دەکات، کە زۆر بێبەزەییانە هەموو کەسێك، سەرباز و خەڵکی ئاسایی، ژن و منداڵ دەگرێتەوە. شەڕ هەمیشە ئەو پرسیارانە دەوروژێنێ کە کێ لە هەموو کەسێك بەهێزترە. شەڕ بەرجەستەکردنی تواناکانی دەسەڵاتە و هەمیشە ئامرازێك بووە بۆ لەناوبردنی ئەویتر و فراوانکردنی سنورەکانی دەسەڵات. دەتوانین ئەم چەند دێڕە

بکەینە دەروازەیەك بۆ شانۆنامەی ( شەڕ ) کە لاش نۆرێن لە ساڵی 2003 دا نووسیویەتی[2].

( شەڕ ) زۆر جیاوازە لە شانۆنامە خێزانییەکانی تری لاش نۆرێن، هەروەها لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە ئێگزیستێنتیالیستییەکان، مەرگ و مەسەلە چینایەتی و ڕەگەزپەرستییەکانی تری نووسەر کە هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان و بەقووڵی و هەمەلایەنیی چارەسەریان دەکات: شەڕ بە زمانێکی جیاواز و بە فۆرمێکی تر باسی شەڕێکی توندوتیژ دەکات. " ئیدی هیچ منالێك لە ئارادا نییە " یەکێکە لە دیالۆژ و وتە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە و گوزارشتێکی بەهێزی کارەساتەکانی جەنگە.

پیاوێك دوای دوو ساڵ و لەپڕ دوابەدوای جەنگێکی خوێناوی دەگەڕێتەوە. گەڕانەوەیەك کە هیچ کەسێك لە ئەندامەکانی خێزانەکەی چاوەڕوانی ئەو گەڕانەوەیە نەبوون.

لاش نۆرێن ( شەڕ ) بەشێوەیەکی کۆنکرێت ئاسا، سامناك دەخوڵقێنێ و ڕۆدەچێتە خوارەوە بەنێو بنەما ڕەش و تاریك و تاڵەکانی دەروونی مرۆڤایەتیدا. ئەم نووسەرە لە ( شەڕ ) دا

---

[2] شانۆنامەی (شەڕ) بۆ یەکەمجار لەوڵاتی سویسرا و لەسەر شانۆی Theatre Vidy ، لە ناوچەی Lausanne و لە ڕیژی لاش نۆرێن خۆی نەمایشکراوە= = دوای ئەوە لە فەڕەنسا، شانۆی نەتەوایەتی نەرویژ، ئوسترالیا، ئەمەریکا و ئیسرایل پێشکەشکراوە. هەروەها لە سوێدیش لەسەر شانۆی دەوڵەت و شانۆی گالیاسن پێشکەشکراوە.

مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ وشە دەکات و وشە بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی تری لاش نۆرێنەوە یەکە بەیەکە بەرجەستە دەبن، وێنە دروست دەکەن و ئەتمۆسفێرێکی ڕەشی شەڕ و کارەساتەکانیمان پێشکەش دەکات. وشە هێندە بەهێز و کاریگەرە، لە ناوەوەماندا دەنگ ئەداتەوە، دەروونمان هەڵدەکۆڵێ و گەمارۆمان ئەدا.

## * شەڕ لە درامای گریکیدا

شانۆنامەی ( شەڕ ) تەقەلایەکی تر و چارەسەرێکی مۆدێرنی درامای گرێکییە، لاش نۆرێن دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی شانۆی کۆنی گرێکی و سەرلەنوێ لە بنەمایەکی هاوچەرخدا بەرجەستەیان دەکاتەوە.

شەڕ و پێوەندییە ئاڵۆز و توندوتیژەکانی خێزان، بنەمایەکی گرنگی ئەو شانۆ دێرینەی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێ. شانۆنامەکەی لاش نۆرێن، بابەتەکەی و کارەکتەرەکانی، دەمانگەڕێننەوە بۆ ئەو زەمەنە، بۆ چارەنووسە تراژیدییەکان و بۆ داماڵینی توێکڵەکانی جەنگ.

کارەکتەری باوک (جەنگاوەر) پاڵەوانی سەرەکی شەڕ، وەك ئەگامەمنون و دوای ماوەیەکی دوور و درێژ و لەناکاو لە جەنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام هیچ شتێك وەك خۆی نەماوە، خێزانەکەی لەسەر مەرزەکانی لەبرسا مردندان، کچە گەورەکەی بۆتە

سۆزانی، هەموویان بە کچە بچووکەکەشییەوە لاقە کراون، ژنەکەشی وەك ژنی ئەگامەمنون لەگەڵ برا بچوکەکەی دەستی تێکەڵ کردووە.

گەڕانەوەی باوك تراژیدیای تراژیدیاکانە و تەرازووی ڕووداوەکان لە خراپەوە بەرەو خراپتر، لە کارەساتەوە بۆ کارەسات دەبات و ڕووداوێکە کە هەموو ئاستەکانی چاوەڕوانی هەڵدەگێڕێتەوە.

باوك هەر ئاگامەمنون نییە، بەڵکو ئۆدیبیشە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، ئۆدیب کە دەگاتە ڕاستییەکان کوێریی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، هەردوو چاوی هەڵدەکۆڵێ و لە وڵات دەچێتە دەرەوە، بەڵام باوك لە ڕاستییەکاندا، لە پڕوپاگەندەی دەسەڵات و لە شەڕدا، بە کوێریی دەگەڕێتەوە بۆ شار و بۆ لای خێزانەکەی، بەبێ ئەوەی بتوانێ ڕاستی ژیانی خۆی، ژنەکەی، کچەکانی و براکەی ببینێ و لە بۆسەی تەنیایی و لەدەستدانی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی باوکایەتی و دەسەڵاتی خێزانەکەیدا گەمارۆ ئەدرێت.

## * ڕووداوەکانی شەڕ

دایکێك و دوو کچی هەرزەکار، دوای ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیا دەبن کە باوکیان جارێکی تر لە شەڕ ناگەڕێتەوە و پێیانوایە مردووە یان بێ سەروشوێنە، کەچی لەپڕ دەگەڕێتەوە. جەنگ

کۆتایی هاتووە، بەڵام جێگا پەنجەی شەڕ، کاریگەریی و کارەساتەکانی، بەتەواوەتی بە کۆمەڵگاوە دیارە. لەسەرو هەمووشیانەوە وڵات بۆتە کەلاوە و برسێتی تا سەر ئێسقان چۆکی بە کارەکتەرەکان داداوە.

ئەم دایك و دوو کچە هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر تا بتوانن ژیانیان بپارێزن و لەبرسا نەمرن. کچە گەورەکەی بۆتە سۆزانی، نیکۆتین و ماددەی بێهۆشکەر هەڵدەمژێ تا بتوانێ بەبێ ئازار، بەبێ هەست و سۆز لەشی خۆی بفرۆشێ. دایکی بەتەواوەتی چاو لەم کارەساتانە دەپۆشێ و لەش فرۆشیی کچەکەی دەبێتە سەرچاوەی گوزەران و بژێوی ژیانیان. خۆشی دەستی لەگەڵ (ئیڤان)، برا بچوکەکەی مێردەکەی تێکەڵ کردووە و لەبری مێردەکەی دەچێتە جێگاوە لەگەڵیا.

کچە بچوکەکە لەم گێژاوی شەڕەدا خەون بە ئایندەوە دەبینێ، لەگەڵ خوشکە گەورەکەی یاری دەکات، شەڕ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و بە جەستە لاسایی جووت بوون دەکەنەوە. ئەم دوو کچە "خوشکە" لە سنورەکانی وڵاتێکی وەهادا دەژین کە زۆر زەحمەتە خەون و هیواکانیان لە دوژمنکاری و ژیانی ڕۆژانە جیابکرێتەوە و لەسەر ئاستێکی بەرز شانە خوێناوییەکان و کارەساتە گرانەکانی شەڕ بەرجەستە دەکەن.

کە باوکیان، مێردی ژنەکە دەگەڕێتەوە، کوێرە. ئەو پاڵەوانێکی ئەو جەنگە دۆڕاوەیە و هیلاك و برسی و لەڕ و لاواز


www.pertwk.com

و به پاڵتۆیەکی کۆنی دڕاوی سەربازییەوە دەگەڕێتەوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەو گەڕانەوەیە ناکەن، لەبەر ئەوە کەس بەخێرهاتنەوەی ناکات، کەس بەپیرییەوە ناچێ و کەسیش پێی خۆش نییە کە گەڕاوەتەوە. ئەم پاڵەوانە لە ئەنجامەکانی شەڕ و ئەشکەنجەداندا هەردوو چاوی لەدەستداوە، بەمەش هەرگیز کەلاوەکانی دوای جەنگ، سیمای ژنەکەی و ڕەنگ و شێوەی کچەکانی نابینێتەوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو هیچ شتێکیش وەك خۆی نەماوە، شەڕ هەموو شتەکانی سەرەوژێر کردووە، بەڵام ئەوەی کە وەك خۆی ماوەتەوە، بەپێی بۆچوونی ئەو جەنگاوەرە کوێرە، دەسەڵاتی پیاوە بەسەر ئافرەتەوە، پیاوەکە هێشتا ژنەکەی بە موڵکی خۆی دەزانێ، لەبەرئەوەی ئەو بە کاغەز ژنییەتی. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەم سەربازە گەڕاوەیە دەیەوێت هەر لە یەکەم شەوەوە بچێتە لای و لەگەڵیدا جووت بێت. بەڵام ئەفسوس ئەو سەربازە هەر بە تەنیا چاوانی لەدەست نەداون، بەڵکو ژنەکەشی لەدەستداوە، ژنەکەی ژنێکی تر و ژنی کەسێکی ترە، ژیانێکی نوێی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوە یاساکانی ژیان ئەو مافەشی لە مێردەکەی سەندۆتەوە و ئێستە لەبری ئەو، برا بچوکەکەی مێردی ئەوە.

## * باوك یان جەنگاوەرێکی دۆڕاو

لەکاتێکدا کارەکتەری (باوك) بەکوێریی دەگەڕێتەوە، هەر زوو درك بەوە دەکات کە ئەو باوك و پیاوەی جاران نییە، لە خێزان و ژیانی ڕۆژانەیاندا چیتر ئەو ڕۆڵی خۆی نەماوە، لەبری ئەو براکەی، کە هەر لە سەرەتاوە لە شەڕ هەڵهاتووە، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، دەست بەسەر ژنەکەشیدا دەگرێت، گەڕانەوەی باوك شتێکی چاوەڕوان نەکراوە، ژنەکەی یان کچەکانی بەم گەڕانەوەیە دڵخۆش نین و ئەو، لە سیستەمە نوێیەکەی ژیانی ئەواندا جێگای نابێتەوە.

***دایك***

***( بێدەنگ ) نا.***

***(بێدەنگی)***

***باوك***

***گەڕامەوە.***

***دایك***

***نا.***

***باوك***

***هەمدیس بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.***

***دایك***

***نا ...***

***(بێدەنگی)***

***باوك***

***خەریكی چین؟***

***دایك***

***چیت دەوێ؟***

***باوك***

***ئاخۆ هەمووان ...***

***دایك***

***خوایە گیان ...***

***(بێدەنگی)***

***دایك***

***لەو بڕوایەدا نەبووم كە ....***

***باوك***

***چی؟***

***دایك***

***نا.***

***باوك***

***كە من بگەڕێمەوە؟***

***دایك***

***چیت لەپێدایە؟***

***(باوك زۆر بەهێوریی دێتە ئەمدیو حەسارەكەوە، پاڵتۆیەكی سەربازی شڕی لەبەردایە. كوێرە كوێرە دێتە ژوورەوە.)***

بە گەڕانەوەی کارەکتەری (باوک)، ڕووداوەکان ڕێچکەیەکی تر لەخۆدەگرن و میزاجی کارەکتەرەکانی تریش تێکدەچێت، ئەوانی تر وەك کوژراوێك، سەرەونگومێك، نەبوویەك مامەڵەیان لەگەڵ کەسی باوك کردووە، هیچ بوونێکی نییە لە هەست و هۆشیاندا و تەنها بیرەوەرییەکە، وێنەیەکی تەڵخە و چیتر ناگەڕێتەوە. کە دەشگەڕێتەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی سەرلەنوێی شیرازەی ئەو خێزانە پەرش و بڵاوە.

کەسایەتی باوك کۆڵ نادات و هەوڵ ئەدات کە دەست بگرێتەوە بەسەر کاروبار و چارەنووسی خێزانەکەیدا، بەڵام ئەوەش باش دەزانێ کە هەموو شتەکان بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی سەراپاگیر لە گرێژنە چوون. باوك تەنها شتێك کە لەبەر دەستیدا ماوە، وەك لەمەوبەریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوەیە کە ئەو، واتە ژنەکەی حەڵاڵی خۆیەتی و هێشتا بە یاسا و بە ئایین و بە ترادیشۆن ژنی خۆیەتی. باوك هەموو شتێك بەکاردێنێ، تەناتەت توندوتیژییش بۆ ئەوەی ژنەکەی بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

***باوك***

*جاڕبەجەهەنەم. من بۆماڵەوە نەگەڕاومەتەوە تا بنووم. ئەو شتەم دەوێ کە مافی خۆمە.*

*دایك*

*دەستت لابە.*

*باوك*

*ئەوەم دەوێ کە هی خۆمە.*

*دایك*

*هی تۆ نییە. هیچ شتێك هی تۆ نییە. دەستم بۆ مەبە.*

*باوك*

*چەندم حەز لێبێ و گەنگێ بمەوێ دەستت بۆ دەبەم. توو جەهەننەم چیتە؟ (لێی دەدا) ئێستا نەجووڵێیت. ئەگینا دەیترشێنم. ناچارم مەکە بەرقامچیت بدەم. (لێی دەدا) ئەوە بکە کە پێتدەڵێم.*

*دایك*

*باشە. لێمبدە. لێمبدە.*

**شانۆنامەی (شەڕ)**

**دایك بەهەمووو شێوەیەك لە مێردەکەی دوور دەکەوێتەوە و بەهیچ شێوەیەکیش قایل نابێت جەستەی خۆی بداتێ، باوکیش دواتر و بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆشی سێکسیی خۆی، هەوڵ ئەدات**

دەست بۆ کچە گەورەکەی ببات، ئەو کچەی کە چەندەها جار لەلایەن کەسانی ترەوە لاقە کراوە و ئێستایش بەتەواوەتی بووەتە سۆزانی و بیر لەوەش دەکاتەوە کە ڕابکات.

کچی باوکە کوێربووەکە، لەم هەڵوێستەدا بەڕووی باوکیدا دەقیژێنێ و دەڵێت: ***" هەی دزێوی قوڕمساخ. تۆیش ڕێك وەك ئەوانی تر وایت."*** شانۆنامەی (شەڕ)

## * کوێریی وەك سمبوڵێکی دابڕان و تەنیایی

کە شەڕ پاڵەوانە سەرەکییەکە (باوك) کوێر دەکات، بنەمایەکی قووڵ و مەودایەکی فراوانتری پێدەبەخشێ. باوك بەردەوام لە تەقەلای دۆزینەوەی خۆیدایە، بەدوای کەسایەتییەکانی تردا دەگەڕێت، لە تاریکییەکی ڕەهادا دەسوڕێتەوە و هەرگیز پێوەندییەکان ناگاتە ئاستێکی تەواوەتی و هەمیشە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە.

***باوك***

***هەندێ جار پێموایە تەنها پێویستم بەوەیە دەست ڕایەڵ بکەم و گڵۆپێك داگیرسێنم و ئیدی هەست دەکەم کە هەمدیس دەبینم ... ڕوون و ئاشکرا دەبینم. ڕەنگە ئەم تاریکییە ئەهوەنتر بووایە گەر مرۆڤ هەر لە ئەووەڵەوە چاوی نەبووایە و نەیزانیایە شێوەی***

***شتەکان چۆنن. ئەوسا مرۆڤ حاڵی نەدەبوو لەوەی کە چ شتێکی لەدەستداوە، وەك ئەوە وابوو جیهان مردبێ.***

**شانۆنامەی (شەڕ)**

**کارەکتەری باوك لە تەقەلایەکی هەمیشەییدایە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە ژوورە نوێیەکاندا خۆی بدۆزێتەوە، سەرلەنوێ خۆی لەماڵەکەیدا ڕابهێنێ. ئەو هەڵسوکەوتەی باوك لەهەمانکاتدا جۆرێکە لە میکانیزمی حەزی کۆنترۆڵکردن لای پیاو و هەست کردنیشە بە تەنیاییەکی بێ سنور و قووڵ. " نا ... وەرە ئێرە."، " لێرە ماویت؟ (هەڵدەستێ) ڕۆیشتوویت؟"، "لەوێ ڕاوەستە.(بەرەو لای دەچێ) شتێك بڵێ. بێ جووڵە ڕاوەستە"، "دەزانم تۆ لەوێدایت ... گوێم لێیە هەناسە دەدەیت."، "ئەوە چ دەکەیت؟"، "*تۆ کێیت؟*" ... هتد...، ئەم وشانەش لە (شەڕ) دا، کە بەشێکن لە دیالۆژەکانی کەسایەتی باوك، گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی هەستی تەنیایی و ویستی کۆنترۆڵە لەلای ئەم کارەکتەرە.**

**لەم بارودۆخە گرانەی شەڕدا، لە ئەتمۆسفێری گەڕانەوە و کوێر بووندا، شتێکی زۆر لۆژیکییە کە ئەم جەنگاوەرە هەموو شتەکان لەدەست بدات، ئەوانەشی کە لەوەوپێش لەدەستی داون، سەرلەنوێ لەدەستیان ئەداتەوە. کچە بچوکەکەی تەنها ڕووناکی**

و هیوای ئەم شەڕە خوێناوییەیە و هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی تیاماوە، تەنها کەسێکیشە کە هەست بە باوکی دەکات و هەر ئەویش لە کۆتاییدا و بە ڕەزامەندی خۆی لەلای باوکی دەمێنێتەوە. لەکاتێکدا خوشکە گەورەکەی، دایکی و ئیڤانی مامی بڕیار ئەدەن کۆچ بکەن و باوك بۆ چارەنووسی خۆی و بە تەنیا جێبێڵن. کچە بچوکەکە سمبولێکە بۆ گەڕانەوەی هیواکان، بۆ سەرلەنوێ پێکەوە ژیان و بنیاتنانەوەیەکی تر.

# لاش نۆرێن

## شانۆنامە

# شەڕ

لە سوێدییەوە

دلاوەر قەرەداغی


www.pertwk.com

## کارەکتەرەکان

دایك

سێمیرا

بێنینا

باوك

ئیڤان


www.pertwk.com

( حەوشەیەکی ڕەق و تەق، لادیوارێکی پێکراو بە دەرگایەکی لە گرێژنەچووەوە. مێزێکی تەختە. چەند کورسییەکی نایلۆن. ڕووناکییەکی بەتین. چەند کارتۆنێکی کۆن. دوو دۆشەکەڵە لەسەر ئەرزەکە )

دایک

( بە وردی کەلوپەلەکانی ماڵەکە کۆدەکاتەوە ) بڕۆ خۆت بشۆ ... سێمیرا، بڕۆ خۆت بشۆ.

سێمیرا

بەڵام ئاخر ئاوەکە پیسە. ( دەڕوا تا نان بێنێت )

دایک

نا، یەکەمجار خۆت بشۆ.

سێمیرا

ئاوەکە پیسە.

دایک

جوان خۆت بشۆ ... خۆت بگۆڕە ... خۆت بگۆڕە.


www.pertwk.com

( بێنینا یارمەتی سێمیرا دەدا تا خۆی بگۆڕێت )

سێمیرا

( دەکەوێتە گۆرانی گوتن ) خێراکە. ڕەق بوومەوە. ( سێمیرا پشتی نەوازش دەکا )

بێنینا

بەسە ... بەسە.

دایک

چەند زل بوون. ( نوێنەکە ڕێکدەخات ) وەرە و یارمەتیم بدە ... وەرە ئێرە. ( دەست دەداتە قۆڵی ڕاستی )

سێمیرا

قۆڵێکی هەڵە!

دایک

ببوورە.

سێمیرا

ئەرێ ناتوانین سەرچەفی تازە بکڕین؟ ئەمانە پیسن. گوو و میز و تووکی سەگیان پێوەیە. بۆگەنیان لێدێت.

دایك

ئەوە تۆیت بۆگەنت لێدێ. ئەوە تۆیت بۆگەنت لێدێ.

سێمیرا

ئەرێ من کە لەدایك بووم چۆن چۆنی بووم؟

بێنینا

تۆ تەنها کۆرڤێکی برژاوی گچکە بوویت.

دایك

چەند قێزەوەنیت!

سێمیرا

نا .... ئەی چەندێك گەورە بووم؟

(دایك دادێتەوە تا بە بست پیشانی بدات کە سێمیرا زۆر گچکە بووە )

**سێمیرا**

**ڕاست نییە. ئەدی بێنینا، ئەو چۆن بوو؟**

**بێنینا**

**من گەورە بووم، من هەمیشە لەتۆ گەورەتر بووم.**

**سێمیرا**

**من گەر کوڕ بوومایە ناوم چ دەبوو؟**

**بێنینا**

**سێمیرۆ ... سێمیرۆ**
**بڕۆ قونەکەت بشۆ !**

**سێمیرا**

**بێنینا ... بێنینای بچووك**
**گوێچکەی پڕە لە تووك**
**من حەزم دەکرد برایەك یان خوشکێکی گچکەم هەبووایە تا بمتوانیایە لێیبدەم.**

**دایك**

**گوتت چی؟**

**سێمیرا**

**بۆ جێژنی لەدایك بوون. حەز دەکەم تا جێژنی لەدایکبوون برایەکی گچکەم هەبێت.**

**دایك**

**باشە، نامەیەك بۆ بابەنۆێل بنووسە و بڵێ: بابەنۆێل گیان بەساقەت بم، حەز دەکەم .....**

**سێمیرا**

**ئەرێ کاتێ باوکم دەگەڕێتەوە ناتوانین برایەکی گچکەمان هەبێ؟ من دڵنیام باوکم حەزدەکات کە ...**

**( بێدەنگی )**

**بێنینا**

**ئەدی تۆ؟ حەز دەکەیت؟**

**سێمیرا**

**باشە تۆ پێشتر لێرە ژیاویت؟**

**دایك**

**ئا بێگومان. چەند كەریت.**

**سێمیرا**

**ئەدی من لەكوێ بنووم؟**

**دایك**

**( ئاماژە بۆ كارتۆنێك دەكات ) لەوێدا.**

**بێنینا**

**ئەی من؟ من لەكوێ بنووم؟**

**دایك**

**لەوەی تریاندا. ( وچان ) بەسە. ئیتر تامی تیا نەما.**

**بێنینا**

**( كاسێتێكی دەخاتە سەر. دەقیژێنێ )**

**ئەوانە گەلێك باشن! ئەوان زۆر قوڕمساخانە باشن! دەمەوێ ئەوانە لە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنما مۆسیقام بۆ بژەنن.**

**سێمیرا**

**کەنگێ؟**

**بێنینا**

**کاتێك کە دەمرم. لەبەرئەوەی ئەوانە زۆر قوڕمساخانە باشن!**
**(دەیکوژێنێتەوە )**

**( سێمیرا خۆی لە سەرچەفێکەوە دەئاڵێنێ. دایك لێی دەکاتەوە. سێمیرا بەرەو لای بێنینا ڕادەکا )**

**سێمیرا**

**نا.**

**بێنینا**

**دە ئیتر بەسە.**

**سێمیرا**

**دەمەوێ زیاتر گوێی بۆ ڕادێرم.**

**بێنینا**

کاتم نییە.

سێمیرا

دەکرێ کەمێکی تر گوێمان لێی بێ؟ تەنها نەختێکی تر.

بێنینا

نا . دەمت داخە. ( دادەنیشێت )

سێمیرا

لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنتا چ جلێك لەبەردەکەیت؟ ئەو تەنوورە سوورەت لەبەردا دەبێت؟

بێنینا

( دەکەوێتە سووراو کردن ) هیچ.

سێمیرا

ئەدی بەبێ جلك دەبیت؟ ڕووت دەبیت؟

بێنینا

ئا . تەواوێك ڕووت. مرۆڤ دەبێ بە ڕووتی بچێتە دیداری خوا.

سێمیرا

ئەدی بۆچی؟

( بێدەنگیی )

سێمیرا

من جلکێکی سپیم لەبەردا دەبێ و جووتێك پێڵاوی سپی ئاوریشمین. هێند جلکێکی بە ورشە دەبێت کە هەر دەڵێی بەفری لێوە دەبارێت ... یاخۆ وەك ئاوێنەی بچووك بچووك کە شەوق دەدەنەوە. ژێرکراسێکی تەنکیش لە ژێرەوە. (پێدەکەنێ) ئەوسا بۆ خۆم بە دوو دەستی لێکنراوەوە ڕادەکشێم.

( بێدەنگی )

سێمیرا

ئەی چیت لەسەردا دەبێت؟ کڵاو؟

بێنینا

( لێوی بە شێوەی ماچ جووت دەکات )

چیت لە ئاوێنەکە کرد؟

سێمیرا

سووراوت زۆر لێداوە.

بێنینا

ئا، هەڵبەت بۆ ئەوەی ببینرێت.

سێمیرا

ئا، وایە. چەندێك بکرێت ببینرێت باشترە.

بێنینا

هەڵبەت تا بونیام لە تاریکیدا ببیبینێت.

سێمیرا

تۆ لە خۆت ناچیت.

بێنینا

ئاخر من ئیتر خۆم نیم.

سێمیرا

چی؟

( بێدەنگی )

سێمیرا

بیربکەوە گەر ئێستا باوکم بتبینێ.

بێنینا

کام باوک؟

سێمیرا

هەر یەك باوك هەیە ... بێگومان کە ئاوا بتبینێ خەمبار دەبێ.

بێنینا

خۆ ئەو مردووە، ئیتر هیچ گرنگ نییە چی لێدێ.

سێمیرا

چۆن ئەمە دەزانیت؟

بێنینا

چی؟

سێمیرا

ئەوەی کە مردبێت. خۆ ڕەنگیشە لە ژیاندا مابێت.

بێنینا

ئاشکرایە کە نەماوە.

سێمیرا

ئا. بەڵام ڕەنگە دیسان بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.

بێنینا

گەر وابووایە دەمێك بوو گەڕابۆوە.

سێمیرا

من پێموایە دەگەڕێتەوە ... بە گەنجییش.

بێنینا

گەنج؟

سێمیرا

ئا، گەنج وەك بەر لە هەڵایسانی شەڕ.

بێنینا

( بەدایك )

پێی دەڵێیت كە ئەو مردووە؟

دایك

گوتت چی؟

بێنینا

باوكم. پێی بڵێ باوكم مردووە. ( وچان ) مردووە. ( وچان ) وەك بەرد بێگیان.

( بێدەنگی )

بێنینا

باشە ... ئەو مردووە؟

دایك

نازانم.

بێنینا

باوكم. بێگومان ئەو مردووە.


www.pertwk.com

دایك

کێ چوزانێ.

بێنینا

ئا. بەڵام تۆ پێتوایە.

دایك

ئا. چیم پێوابێت؟

سێمیرا

ئەو نەمردووە تا ئەو کاتەی کە ئیدی ناگەڕێتەوە.

بێنینا

هەی گێلە خۆ ئیدی ئەو ناگەڕێتەوە.

سێمیرا

ئا، بەڵام خۆ ئەو دەتوانێ .... مرۆڤ خۆ دەتوانێ هەوڵ بدا بەهەرحاڵ وەك ئەوە وابێت کە بژی. بەڵام پێویستی بەوە نییە وەك ئەوە بێت کە نییە ... مەبەستم تەنها ئەوەیە کە ئەو حاڵی حازر لێرە نییە.

بێنینا

ئەو ڕەنگە لە ئیتاڵیا بژی و کورسی هەتاو بە کرێ بداتە گەشتیارە قەڵەوەکان.

سێمیرا

هیوادارم دیسان بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە ... بەر لەوەی گەورە بم. شەپازللەیەکیشم پیاکێشێت.

بێنینا

ڕەنگە ژنێکی گەنجیشی هێنابێ و دوو منداڵی تازە و سەگێکی تازەیش.

سێمیرا

نا .... مەمکت دەبڕم.

بێنینا

( شەویلاگەی ئاژەڵێك لە پێلاوەکانیدا دەدۆزێتەوە ) ددانەکانت کەوتوون.

دایك



www.pertwk.com

دەتوانن ئاو بێنن؟

بێنینا

من بەیانی هێنام. ئیدی نۆرەی ئەوە.

سێمیرا

من نایهێنم.

بێنینا

بۆ؟

سێمیرا

نایهێنم.

بێنینا

خۆ ترسناك نییە.

دایك

لەگەڵیدا بچۆ. نیوەی دەڕێژێ.

بێنینا

ئەم بەیانییە دوو سەتڵم هێنا.

سێمیرا

ناوێرم.

دایك

کەواتە خۆم دەیهێنم.

بێنینا

ئا، خۆ تۆ دایکیت.

(بێدەنگی )

بێنینا

گەر بیانەوێت ڕابوێرن ئەوا بەهەرحاڵ خۆیان بۆ ئێرە دێن. ئەوان حەزیان لە گەنجی گێلۆکەی وەك تۆیە چونکە هێشتا گیرۆدەی نەخۆشیگەلی درمی ئەوتۆ نەبوون.

دایك

بەسە.

سێمیرا

ڤنگ، ڤنگ، ڤنگ، ڤنگ ( شەویلاگەی ئاژەڵەکە هەڵدەدا ) ئەوە دینۆیە.

بێنینا

هەڵبەت قسەکەم ڕاستە.

دایک

وا قسە مەکە.

بێنینا

ئەوانە گوێ نادەنە ئەوەی چ دەکەن. لاقەت دەکەن و میز بەدەموچاوتا دەکەن. میز بە دەموچاوە بڵحەکەتا.

دایک

بیربکەوە کە سێمیرا منداڵە.

بێنینا

منداڵ؟

دایک

ئەو هێشتا منالە.

**بێنینا**

ئیدی هیچ منالێ نییە.

**دایک**

نا، دەبێ ئێمە بۆ ئەوە چ بکەین؟

**بێنینا**

لەبری ئەوە بیر لەمەیان بکەوە.

**دایک**

دەتەوێ یارمەتیم بدەیت یان نا؟

**بێنینا**

یارمەتیت نەدەم؟ یارمەتیت نەدەم؟

**دایک**

ئا ....

**بێنینا**

یارمەتیت نەدەم؟ ئەی باشە چ بکەم؟

دایك

ببوورە.

بێنینا

ئەی چ بکەم؟

دایك

ببوورە .. لێم ببوورە.

بێنینا

دەکرا من دەمێك بوایە ڕۆیشتبام و گووم لەئێوە بکردایە. دەکرا من ئێستا لە ئەڵمانیا ژیابام لەبری ئەوەی خەریکی ئەم بەزمە بام. دەکرا من لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا سەفەرم بکردایە گەر خۆم ویستبام و تەنها بیرم لەخۆم بکردایەوە.

دایك

ئاوها.

سێمیرا

خۆ ناتوانیت بە ئەڵمانی قسان بکەیت.

بێنینا

جا ئەوە چ گرنگییەکی هەیە؟ من لەگەڵ ئەوەشدا تەگبیری خۆم دەکەم. ئەو وشانە دەزانم کە پێویستم پێیانە.

دایک

ئەدی لە ئەڵمانیا چ دەکەیت؟

بێنینا

ئا، ئەی لێرە چ دەکەم؟ ( وچانێکی کورت ) دوێنێ یەکێك داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆم و لە خانووە گەورەکەیدا لە میونشین بژیم. ئەو بەڕێوەبەرێك بوو لە مارسیدیس. ئوتومبێلەکەی تەلەفیزۆینی تێدابوو. لە ئوتومبێلەکەیدا تەماشای فیلمێکی ئەمەریکیمان کرد. پاشان فیلمێك لەبارەی شەڕەوە. حەشاماتێکی زۆر خەڵکی لەڕولاواز بەدەوری ئۆردوگایەکدا دەسووڕانەوە. ڕەنگە باوکم یەکێکیان بووبێ. بەڵام هەموویان لەیەك دەچوون.

( بێدەنگی )


www.pertwk.com

**سێمیرا**

**وا دەکەیت؟**

**بێنینا**

**چی؟**

**سێمیرا**

**کە بچیت بۆ ئەڵمانیا؟ دەتەوێ بچیت بۆ ئەڵمانیا؟**

**بێنینا**

**ڕەنگە.**

**سێمیرا**

**ئەی سەرچەفەکەتم دەدەیتێ؟**

**( باوك دێت )**

**( ئەوان نایبینین. چەند هەنگاوێك لەولا حەسارەکەوە بە ئارامیی ڕادەوەستێت)**

( سێمیرا دەیبینێ. زۆر دەترسێت و بەڕاکردن دەچێت بۆ لای دایك، لەدوایەوە ڕادەوەستێ، لە سێبەرەکەیدا ...)

( پاشان بێنینایش دەیبینێ، وردە وردە هەڵدەسێتە سەر پێ، بە نائاگاییەوە بەشێك لە سووراوەکەی لێوی دەسڕێت )

( سێمیرا، سەرقۆڵی جلەکەی دایکی ڕادەکێشێت )

**دایك**

بۆچی ئیدی ناڵێیت دایکە؟ ( وچان ) گەر یەکێك تەنها منی بوێت ئەوسا منیش .... ( تەماشای بێنینا دەکا و پاشان دەنۆڕێ بزانێ بێنینا تەماشای چ دەکا)

( بە ئارامیی ڕاوەستاون )

**دایك**

( بێدەنگ ) نا.

( بێدەنگی )

**باوك**

گەڕامەوە.

دایك

نا.

باوك

هەمدیس بۆماڵەوە گەڕامەوە.

دایك

نا ....

( بێدەنگی )

باوك

خەریكی چین؟

دایك

چیت دەوێ؟

باوك

ئاخۆ هەمووان ....

**دایك**

**خوایە گیان** ...

( **بێدەنگی** )

**دایك**

**لەو بڕوایەدا نەبووم کە** ...

**باوك**

**چی**؟

**دایك**

**نا**.

**باوك**

**کە من بگەڕێمەوە**؟

**دایك**

**چیت لەپێدایە**؟

( باوك زۆر به هێوریی دێته ئه‌مدیو حه‌ساره‌كه‌وه. پاڵتۆیه‌كی سه‌ربازی شڕی له‌به‌ردایه. كوێره كوێره دێته ژووره‌وه )

( بێده‌نگی )

باوك

كورسییه‌كم ده‌ده‌نێ؟ هه‌ڵبه‌ت كورسییه‌ك هه‌یه كه مرۆڤ بتوانێ له‌سه‌ری دانیشێت؟

( دایك یه‌كێك له‌كورسییه‌كان دێنێ و له‌به‌رده‌میدا دایده‌نێ )

باوك

( ده‌ست ده‌گێڕێ و به‌دوای كورسییه‌كه‌دا ده‌گه‌ڕێ. داده‌نیشێت )

من ده‌بێت تاوێك دانیشم. ڕێگه‌یه‌كی درێژم بڕیوه.

( بێده‌نگی )

باوك

وه‌زعتان چۆنه؟

( بێده‌نگی )


www.pertwk.com

باوك

ئەی کچەکان لەکوێن؟

دایك

ئەوان ...

باوك

ماون؟

دایك

هەڵبەت لێرەن.

باوك

لەکوێن؟ کچەکان لەکوێن؟

( بێدەنگی )

باوك

ماوەیەك لەمەوبەر .... ماوەیەك لەمەوبەر من لە ماڵەوە بووم.

**دایك**

**ئا.**

**باوك**

**دوو ساڵ لەمەوبەر.**

**دایك**

**پێموابوو ...... پێموانەبوو هەمدیس بە زیندوویی بتبینمەوە.... لەوێ لەبەر حەسارەکەدا بێدەنگ وەستابوویت ... بێ ئەوەی هیچ بڵێیت.**

**باوك**

**بونیام چ بڵێ؟**

**دایك**

**من دڵنیابووم کە تۆ جارێکی تر ناگەڕێیتەوە.**

**باوك**

**بەهەرحاڵ وا گەڕامەوە.**

**( بێدەنگی )**

**باوک**

**لەکوێن ... سێمیرا و بێنینا لەکوێن؟**

**دایک**

**لەوێدا وەستاون ....**

**باوک**

**ئا .... ( وچان ) تاوێکی پێدەوێت تا ... پێیان بڵێ بۆ ئێرە بێن. پێیان بڵێ بێن و سڵاو لە باوکیان بکەن. پێیان بڵێ باوکیان هەمدیس لەماڵەوەیە. بۆیان بگێڕەوە کە باوکیان ماوە و بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە ...**

**دایک**

**ئەوان دەبینن تۆ لێرەیت. ( بێدەنگی. پاشان پاڵ بە سێمیراوە دەنێ بۆ پێشەوە ) بچۆ بۆ لای.**

**سێمیرا**

**نا.**

**دایک**

پێویست ناکا بترسیت.

سێمیرا

ناترسم.

دایک

خۆ ئێمە نەمانبینی ئەو کێیە.

سێمیرا

من بینیم ئەو کێیە.

باوک

( باسکی ڕایەڵ دەکا ) وەرە و سڵاوم لێبکە.

بێنینا

( بە هێوریی دەچێتە پێشەوە بۆ لای، دەستی ڕایەڵ دەکا)

ڕۆژباش.

باوک

**ڕۆژباش.** ( **دەست لە دەستییەوە دەدا، هەڵدەستێ، ئامێزی پێدا دەکا.**) **سێمیرا؟**

**بێنینا**

**نا، من بێنینام.**

**باوک**

**ئەوە تۆیت، کیژە گچکەکەم؟**

**بێنینا**

**ئا.**

**باوک**

**کیژە گچکەکەم.**

( **بێنینا هەوڵدەدا خۆی لە ئامێزی قوتارکات** )

**باوک**

( **دەست لە ڕوخسارییەوە دەدا، سووراوەکە بە پەنجەکانییەوە دەنووسێت، بۆنی دەکا** ) **ئەمە چییە؟**

**بێنینا**

**هیچ.**

**باوک**

**دەموچاوت چی پێوەیە؟**

**بێنینا**

**هیچی پێوە نییە.**

**باوک**

**چیت لێداوە؟**

**بێنینا**

**تەنها کەمێك کرێمی لێو.**

**سێمیرا**

**ئەوە سووراوە.**

**باوک**

**برۆ و دەموچاوت بشۆ.**

**سێمیرا**

**داویانەتێ.**

**بێنینا**

**نەخێر، نەیانداوە پێم. هی خۆمە.**

**باوک**

**خۆ تۆ قەحبە نیت.**

**دایک**

**ئەوە تەنها سووراوە. ئێستا هەموو کچان دەیکەن.**

**باوک**

**کچەکانی من نا. ئەوە تەنها قەحبەکانن کە سووراو و سپیاو دەکەن. بڕۆ و دەموچاوت بشۆ.**

**دایک**

**زۆر کچ دەیکەن .... ئەوە چ گرنگییەکی نییە.**

**باوک**

**مناڵەکانم نابێ لە قەحبە بچن.**

سێمیرا

من نا.

دایک

بڕۆن ئاو بێنن. ( وچان ) هەڵبەت برسیتە.

( بێدەنگی )

باوک

کاتێ لێتان دوور بووم چیتان لێقەوماوە؟

دایک

ئێمە هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووین بە زیندوویی بمێنین.

باوک

ئا، هەستی پێدەکەم.

( بێدەنگی )

دایک

**چاوت چییەتی؟**

**باوك**

**چاوی من؟**

**دایك**

**تۆ تەماشامان ناكەیت.**

**باوك**

**گرنگترین شت ئەوەیە لەماڵەوەم.**

**دایك**

**كاتێك قسەم لەگەڵدا دەكەیت تەماشام ناكەیت ... ڕووت بەرەو لایەكی تر وەردەگێڕیت.**

**باوك**

**ئا، هەڵبەت دەبێ مرۆڤ وابكا .. خۆ ئەوە لە كتێبی پیرۆزدا نووسراوە. ( وچان ) دەشێ من بەدوای شتێكی تردا بگەڕێم.**

**دایك**

**دەڵێی چی؟**

باوك

هیچ ناڵێم.

( بێدەنگی )

دایك

ناتوانیت ببینیت؟

باوك

گوویەك چۆتە چاومەوە.

دایك

كوێریت؟

باوك

تەگبیری خۆم دەكەم.

دایك

ئەی ئێمە چی بكەین؟

باوك

ئا، له من مه‌پرسه ... ڕه‌نگه هه‌مدیس ڕۆژێك له ڕۆژان چاوانم بكرێنه‌وه و ببینم. به یارمه‌تی خودا.

دایك

چۆن توانیت ئێره بدۆزیته‌وه؟

باوك

ڕه‌نگه حه‌زت نه‌كردبێ ئێره بدۆزمه‌وه.

دایك

كه‌س یارمه‌تی دایت؟

باوك

كێ یارمه‌تیم بدا؟ كێ یارمه‌تیم بدا؟

دایك

كوێریت، هه‌ی گه‌لحۆ؟

باوك

( دوای وچانێکی درێژ ) سوپاسگوزار نیت کە هێشتا لە ژیاندا ماوم؟

دایك

سوپاسگوزار؟ ( وچان ) لەچی سوپاسگوزار بم؟

( بێدەنگی )

( سێمیرا تەماشای دایك، پاشان تەماشای باوك دەکا، پاشان هەمدیس تەماشای دایك دەکاتەوە کە تەواوێك بێجووڵەیە. پاشان زۆر بە پارێزەوە دەچێتە پێشێ بۆ لای باوك.)

( باوك هەست بە نزیکی کەسێك لێوەی دەکات، بە دەست لێی دەدا، دەستەکە بەر سێمیرا دەکەوێت.)

( سێمیرا دەزریکێنێ )

باوك

ئەوە کێ بوو؟

سێمیرا

من بووم.

باوك

سێمیرا؟

سێمیرا

من بووم. تەنها دەمویست لەئامێزت بگرم.

باوك

خۆت دەبینی كە .... من نەمتوانی بزانم ئەوە چییە.

سێمیرا

تەنها دەمویست ...

باوك

باشە. وەرە بۆ لام.

( سێمیرا دەچێت بۆ لای )

باوك

نەمزانی چی بوو. ( دەستی ڕاستی ڕایەڵ دەکا ) ئێستا باشە. ( دەست لە ڕوخسارییەوە دەدا) چ نییە. ( دەست لە ڕوخسارییەوە دەدا، دەست لە لێوییەوە دەدا ) دەموچاوت هیچ گووی پێوە نییە.

سێمیرا

نا ... من منالْم.

باوك

ئەوە باشە .... زەردەخەنە بکە.

سێمیرا

ئا.

باوك

ئێستا شادومان بە.

سێمیرا

ئا.

باوك

شادومانیت؟

سێمیرا

نازانم. نا، ئەوە تەنها دەبەنگەکانن کە شادومانن.

باوک

ئێستا تۆ تەمەنت چەندە؟

سێمیرا

خەریکە دەبمە سیازدە.

باوک

تۆ دوانزەیت.

سێمیرا

ئا، بەڵام بەمزووانە پێدەنێمە سیانزە.

باوک

ئا، لە مایسدا.

سێمیرا

حەوتی مایس.

باوک

مایس باشە ... مایس مانگێکی باشە. ( بەرزی دەکاتەوە و لەسەر ئەژنۆی دایدەنیشێنێ ) ئۆی، چەند قورس بوویت. بەرچاییت زۆر خواردووە؟

سێمیرا

نا. تەنها ئەو خواردنەم خواردووە کە خودا پێی داوین.

باوک

ئێستا شتێکی مۆدێرنانەیە کە مرۆڤ باریکەلە بێت.

سێمیرا

ئا.

( بێدەنگی )

سێمیرا

تۆ ناتوانیت ببینیت؟ ئاخۆ قەت جارێکی تر ناتوانیت ببینیت؟

**باوك**

**ئەوە تەنها خودا دەتوانێت وەڵام بداتەوە.**

**سێمیرا**

**ئەدی بۆ؟**

**باوك**

**لەبەرئەوەی خۆی بەو جۆرەیە.**

**سێمیرا**

**باشە ناتوانیت بمبینیت؟**

**باوك**

**با .... دەتوانم بتبینم.**

**سێمیرا**

**چۆن؟**

**باوك**

**دەتبینم ... بەهەمان باشیی دەتبینم كە بتوانم ببینم.**

**سێمیرا**

**بەڕاست؟**

**بێنینا**

**وەبیری دێتەوە کە شێوەت چۆنە.**

**سێمیرا**

**لەبەرئەوەی زۆر جوانم.**

**بێنینا**

**تۆ؟**

**دایك**

**ئێستا برۆ و ئاو بێنە و دار کۆبکەرەوە تا بتوانین شتێك بخۆین.**

**سێمیرا**

**تۆیش لەگەڵ ئێمەدا نان دەخۆیت؟**

**بێنینا**

**بۆچی نەیخوات؟**

**باوك**

**پێتوانییه خواردنەكه بەش بكا؟**

**دایك**

**ئێستا بڕۆ.**

**سێمیرا**

**نامەوێ بچم .... دەمەوێ لای باوكم بم.**

**باوك**

**ئێستا بڕۆ ... دوایی دەتوانیت لای من بیت. هەڵبەت من ئێستا ئیدی له ماڵەوەم.**

**سێمیرا**

**مامه ئیڤان دەبێ ....**

**( دایك سوراحییەك دەكێشێ به ئەرزەكەدا )**

**( باوك خۆی فڕێدەداته سەر ئەرزەكه )**

**دایك**

ئێستا بڕۆ، توو دۆزەخ. دەبێ چەند جار دووبارەی بکەمەوە ئەوسا دەکەونە خۆ؟

بێنینا

خوامەرگ، چەنە چەنی چیتە هەی پیرێژنەی شەیتان.

سێمیرا

وەرە.

بێنینا

خۆی دەتوانێت بڕوا.

( دەڕۆن )

باوك

ئەرێ ئەوە چی بوو؟ وامزانی .....

دایك

سوراحییەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە. ئێستا ئەم ناوە هەمووی پارچە شووشەیە. وریای خۆتبە.

باوک

( هەڵدەسێ ) هەڵبەت تۆیش کەمێك ئاگاداربە. ( جگەرەیەك دادەگیرسێنی ) مرۆڤ دەبێ ئاگای لەو شتە کەمانەی خۆی بێت.

( دایك پارچە شووشەکان کۆدەکاتەوە )

باوک

وەزع چۆنە؟ ( وچان ) بیرت دەکردم؟

دایك

چ پزیشکێکت نەدۆزییەوە تەماشایەکی چاوت بکات؟

باوک

پزیشکی چیی؟ ( وچانێکی کورت ) ئەرێ تۆ لەهیچ تێناگەیت؟

دایك

من تەنها پرسیار دەکەم.

باوک

پێتوایە ئەوێ پزیشکی لێ بووە؟

دایك

ئەی چی دەكەیت؟

باوك

بۆ پێتوایە من لەكوێ بووم؟ لە بەسەربردنی پشوو بووم؟ من لە شوێنێك بووم كە خەڵك گووی خۆیان دەخوارد و میزی خۆیان دەخواردەوە. خۆ لە كەیف و سەفا نەبووم.

دایك

نا ....

باوك

پێدەچێ وا بێ.

( بێدەنگی )

باوك

( جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ) بدوێ ...

دایك

لەبارەی چییەوە؟

**باوك**

**چۆن بوو ... چۆنتان لێ گوزەرا ...**

**دایك**

**پێتوایە چۆن بووە؟**

**باوك**

**ئا، هەڵبەت ئێستا باشترە كاتێك خەریكە هەمدیس گەرمتر دەبێ.**

**دایك**

**بونیام دەبێ لەبارەی چییەوە بدوێ؟**

**باوك**

**ئەوسا بەهەرحاڵ مرۆڤ دەكرێ لە دەرەوە بێت. ( وچان ) ئەی خانووەكە لەچیدایە؟**

**دایك**

**خۆت دەیبینیت.**

**( بێدەنگی )**

باوك

ئەوەندەتان خواردن شك دەبرد كە تەگبیری خۆتان بكەن؟

دایك

هەڵبەت گەر شكمان نەبردایە لە برسا دەمردین .... كاتێك دراوسێكانمان گواستیانەوە بۆ شار، هەندێك لە مریشكەكانیان دا بە ئێمە.

باوك

بۆ لای ئامۆزا؟ ئا، ئەو لە شار دەژی. هەڵبەت ئەو سالآنێكە لەوێ دەژی.

دایك

ئەوان لە مانگی مارتدا ڕۆیشتن.

باوك

لە مارتدا؟

دایك

ئا. پیر ببوون. بەڵام هەڵبەت هەر دەژیان.

باوك

هەڵبەت لەبەرئەوەی پیر بوون.

دایك

تۆنی مرد.

باوك

ئا، زۆر کەس مردوون.

( بێدەنگی )

دایك

چەند لەڕ بوویت؟

باوك

وایە، خۆیشم هەستی پێدەکەم. لەو مانگانەی دواییدا مرۆڤ تەنها ئەوەی دەست دەکەوت بیخوات کە لەسەر ئەرز دەیدۆزییەوە. ئێمە لە کارگەیەکدا ئیشمان دەکرد کە تەراکتۆری دروست دەکرد. لەو پارچە چیمەنتۆیانەمان دەخوارد کە لە حەوشە

کەوتبوون. بیرم دەکردەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە و تێر بەزگی خۆم بخۆم.

( بێدەنگی )

باوک

لەکوێیت؟

دایک

لێرە.

باوک

چ دەکەیت؟

دایک

لێرەدا ڕاوەستاوم.

باوک

بەڕاست. ( وچانێکی کورت ) بۆچی هێندە دوور ڕاوەستاویت؟

دایک

من لێرەدام.

باوك

بەڕاست. ( وچانێكی كورت ) بنمیچەكە چۆنە؟ دڵۆپە ناكا؟

دایك

گەر باران نەبارێت دڵۆپە ناكا. بەڵام كە باران دەبارێ ئاو لە چەند شوێنێكییەوە چۆڕاوگە دەبەستێ.

باوك

منیش مەبەستم لەوە بوو.

دایك

ئاو دێتە موبەق و ژووری نوستنەكەوە.

باوك

منیش مەبەستم لەوە بوو.

دایك

بەڵام ئەوە دوو مانگە باران نەباریوە.

باوك

ئاخر وشکەساڵییە.

دایک

وایە. ( وچانێکی کورت ) هیچ کارەبامان نییە ... بەڵام دەڵێن لەو بڕوایەدان چەند هەفتەیەکی تر بێتەوە.

باوک

ئەوان زۆر چەنە دەدەن. چەنە زۆر دەدەن.

( بێدەنگی )

( دایک سەری وەردەگێڕێ )

باوک

لێرە ماویت؟

دایک

ئا.

باوک

وامزانی ڕۆیشتوویت.

**دایك**

**نا. لێرەدا ڕاوەستاوم.**

**باوك**

**وامزانی جووڵاویت..**

**دایك**

**نا.**

**باوك**

**ببینین بزانین بنمیچەكە چاكبكرێتەوە. ( وچانێكی كورت ) دەبێ چاكی بكەینەوە .... بەشێوەیەك لە شێوەكان.**

**دایك**

**هیچ پەلەی ناوێت ... ئەوان مزگەوتەكەیان كردۆتە گەڕاژ.**

**باوك**

**گەڕاژ؟**

**دایك**

ترومبێل و ماتۆڕەکانی خۆیان لێ ڕاگرتووە.

باوك

منیش هەروا مەزەندە دەکەم.

سیمێرا

( دەگەڕێتەوە ) باوکە، باوکە، باوکە .... گوڵم بۆ چنیویت. سوورێك و سێ سپییە. بونیان خۆشە. لە نایلۆنن.

باوك

سوپاس.

سیمێرا

ئاویشمان هێنا.

باوك

چاکە. تۆزێك ئاوم بدەرێ.

( سیمێرا ئاو دێنێ، بەرەو لای ڕایەڵ دەکا )

باوك

سوپاس.

دایك

بیربكەوە كە تۆ ئیدی قەت نەتوانیت ببینیت. ( وچانێكی كورت )
چۆن دەتوانت تەگبیری خۆت بكەیت؟

سیمێرا

من دەتوانم یارمەتی باوكم بدەم.

باوك

( دوای تاوێك ) هێشتا من هەمان ئەو كەسەی جارانم.

سیمێرا

من دەتوانم یارمەتیت بدەم.

( بێدەنگی )

سیمێرا

بەو زووانە دەتوانم دەرەقەتی هەموو شتێك بێم.

باوك

وایە.

سیمێرا

خۆم دەتوانم ئاگام لێت بێ تا گەورە دەبم.

باوک

وایە. ( وچان ) شەریف چۆنە؟

دایک

شەریف؟

باوک

ئا . لەکوێیە؟

دایک

بێ سەروشوێنە.

باوک

بێ سەروشوێنە؟

دایک

وەك ئەوانی تر.

باوك

ئەی ئیسماعیل؟

دایك

ئەویش ... وا دەچێت بۆ ساڵێك.

باوك

وایە، ئاشكرایە.

دایك

ئەوان ئێوارەیەكیان هاتن و هەموو پیاوەكانیان برد. فریا نەكەوتن خۆیان بشارنەوە. لەوساوە نەمانبینیونەتەوە.

باوك

ئەی ئێستا لەكوێن؟

دایك

تەنها ئەوانە دەزانن لەكوێن كە بردوویانن.

باوك

وایە، هەڵبەت لە ڕۆژێکی خۆشدا دێنەوە.

دایك

ئەوان دەڵێن لەوبەری دۆڵە ڕەشەکەوەن.

باوك

بەهەرحاڵ لە جێگەیەکن وەك لەماڵەوە بن وایە.

دایك

کەس ناوێرێت بچێت بۆ ئەوێ.

( بێدەنگی )

باوك

ئەی مارکۆ؟

( بێدەنگی )

باوك

ئەی ئیڤان؟

**دایك**

**ئیڤان؟**

**باوك**

**ئا.**

**( بێدەنگی )**

**باوك**

**ناتەوێت هیچ لەبارەیەوە بڵێیت؟**

**دایك**

**ئا .... ئەو ... ئەو .... ( تەماشای بێنینا و سێمیرا دەكا )**

**باوك**

**هەڵبەت لە شوێنێك خۆی شاردۆتەوە.**

**دایك**

**بۆچی؟**

باوك

كاتی كەسێ پێویستی بە یارمەتی بووبێ، ئەو هەمیشە خۆی شاردۆتەوە.

دایك

نا، ئەو ... نازانم ... لە پێش ساڵی تازەوە نەمدیوە.

باوك

ئا، لانی كەم ئەوان لەكۆڵ ئەوە بوونەتەوە بیریان بێتەوە كە چییان بەسەر هاتووە. ( وچانێكی كورت ) مردووان لەكۆڵ ئەوە بوونەتەوە بیریان بكەوێتەوە كە چۆن مردوون. ئەوە ئێمەین كە دەبێ ئەوەمان بیر بێت.

دایك

لە ئێوارەدا بوو. ( وچانێكی كورت ) بەفر كەوتبووە بارین كە ئەوان ڕۆیشتن و دوای تاوێكی كەم مرۆڤ جێگەپێكانیانی نەدەبینی.

( بێدەنگی )

باوك

**باشه ئێوه بۆچی ماون؟ بۆچی نەمردوون؟**

**( بێدەنگی )**

**باوک**

**وەڵام بدەنەوە.**

**دایک**

**بۆچی؟**

**باوک**

**بۆچی؟ بۆچی ئێوه زیندوون؟**

**دایک**

**ئا ... له خوا بپرسه.**

**باوک**

**خوا؟**

**دایک**

**له من مەپرسه. لەو بپرسه.**

باوك

چ شتێكم نییە لەوی بپرسم.

دایك

لەو بپرسە.

باوك

لە تۆ دەپرسم.

دایك

چ بڵێم؟ ( وچانێكی كورت ) خۆزگە منیش بمردمایە.

( بێدەنگی )

دایك

بەڵام نەمردم.

باوك

ئەی چی؟ ( وچانێكی كورت ) هیچ مەڵێ. نامەوێ بزانم.

دایك

بەهەرحاڵ ناتوانم بیگێڕمەوە.

**باوك**

هیچ مەڵێ ... با هەر نەزانم .... دەمەوێ تاوێك بحەوێمەوە.
دەمەوێ هەست بکەم کە بۆ ماڵەوە گەڕاومەتەوە.

( تاریکی )

( ڕوناکی )

**باوك**

( لەسەر دۆشەکەکە ڕادەکشێت) ئەوە کێیە؟

**دایك**

خۆمم.

**باوك**

دەمەوێ بحەوێمەوە.

**دایك**

بحەوێرەوە. تەنها دەمەوێ چاکەتە خورییەکەم ببەم. دەیبەم و دەڕۆم.

باوک

ڕاوەستە. ( وچانێکی کورت ) وەرە ئێرە.

دایک

خەریکە سارد دەکا.

باوک

وەرە ئێرە و ....

دایک

خەریکی چێشتەکەم.

باوک

لێرە بمێنەوە ... قسەم لەگەڵ بکە.

دایک

لەبارەی چییەوە؟

باوك

هەڵبەت شت زۆرە لەبارەیەوە بدوێین. ( وچانێكی كورت ) لەكوێیت؟

دایك

لێرە ....

باوك

چ دەكەیت؟

دایك

خۆم دەگۆڕم.

باوك

چی؟

دایك

پانتۆڵ .... گوتم ساردە.

باوك

نازانم چیتە. ( وچانێكی كورت ) تەماشام دەكەیت؟

دایك

نا.

باوك

نزيك بەرەوە و تەماشام بكە. ( وچانێكی كورت ) تەماشام دەكەیت؟

دایك

ئا ... زۆر تاریكە، ئاسان نییە چاو ببینیّ.

باوك

حەز دەكەم تەنها هەست بەوە بكەم كە تەماشام دەكەیت. ئەوسا مرۆڤ ئەوەندە هەست بە تەنیایی ناكات.

( بێدەنگی )

دایك

چەندێكە ئاوهایت؟

باوك

هەندیّ جار پێموایە تەنها پێویستم بەوەیە دەست ڕایەڵ بكەم و گلۆپێك داگیرسێنم و ئیدی هەست دەكەم كە هەمدیس دەبینم....

ڕوون و ئاشکرا دەبینم. ڕەنگە ئەم تاریکییە ئەهوەنتر بووایە گەر مرۆڤ هەر لە ئەووەڵەوە چاوی نەبووایە و نەیزانیایە شێوەی شتەکان چۆنن. ئەوسا مرۆڤ حاڵی نەدەبوو لەوەی کە چ شتێکی لەدەستداوە. وەك ئەوە وابوو جیهان مردبێ. ڕەنگە من بەم ناوەدا بگەڕامایە و پێموابووایە هەموو شتێك لەجێی خۆیدایەتی، بەڵام ئیتر لەمەولا نا. ڕەنگە شتی زۆر نەبووایە کە ببینرێن. ڕەنگە بونیام تا بگەڕابایە زیاتر سوپاسگوزاری ئەوە بووایە کە لەکۆڵ ئەوە بۆتەوە بزانێ شتەکان چییان بەسەر هاتووە ( پاکەتێك جگەرە لە گیرفانی دەردێنێ، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ) ئا، زۆر کار لەپێش نییە کە بکرێن. لە ئۆردوگادا کتێبی پیرۆزمان لە یەکێك دەماشییەوە و پەڕەکانیمان دەدڕان تا سیگاری تیا بپێچینەوە. پەڕەکانی تەنك و جوان بوون. ( سیگارێکی بۆ ڕادەگرێ ) دەکێشیت؟

دایك

نا. من دەبێ ئێستا بڕۆمە دەرەوە.

باوك

نا .... وەرە ئێرە.

دایك

ئاخر ئیشم زۆره.

( بێدەنگی )

باوك

وەره.

دایك

نا، چیت دەوێ؟

باوك

دەڵێم وەره ئێره.

( بێدەنگی )

دایك

چیت دەوێ؟

باوك


www.pertwk.com

چیم دەوێ؟ دەمەوێ وەك ئەو ژنە هەڵسوكەوت بكەیت كە من بەخێزانی خۆمم هەڵبژاردووە. من ئەوەم دەوێ. تەنها ئەوەم دەوێ.

دایك

ئاخر ئیتر شتەكان وەك جاران نین.

باوك

توو شەیتان مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

دایك

كە تۆ دوور بوویت ... شت زۆر ڕوویداوە.

باوك

جاڕ بە جەهەننەم. من مێردی تۆم. حەڵاڵی خۆمیت. دەمەوێ ئەو مافەی خۆم بەكاربێنم.

دایك

شتەكان وەك جاران نین ... منیش كەسەكەی جاران نیم.

باوك

منیش هەروا ... بەڵام گەر بمانەوێ دەتوانین ببینەوە بەخۆمان.

دایك

بە خۆمی جاران ... ئەو کەسەی کە جاران هەبووم، ئەوەی تۆ جێتهێشت.

باوك

بەسە قسە.

دایك

تێناگەیت؟ ( وچانێکی کورت ) من لەو بڕوایەدا بووم تۆ مردوویت.

باوك

منیش هەروا.

( بێدەنگی )

باوك

لەکوێیت؟ ( وچانێکی کورت ) وەڵام بدەرەوە. (وچانێکی کورت) ناتوانم بتبینم.

( بێدەنگی )

باوک

لێرە ماویت؟ ( هەڵدەسێ) ڕۆیشتوویت؟

( بێدەنگی )

باوک

لێرە ماویت؟

دایک

ئا ...

باوک

ئەدی وەڵام بدەرەوە تو جەهەنەم. ( بەرەو لای دەڕوا )

دایک

دەبێ بیست وچوارسەعاتە  بە شتێکدا بماڵم تا بزانیت لەکوێم.

باوک

لەوێ ڕاوەستە. ( بەرەو لای دەچێ ) شتێك بڵێ.

( بێدەنگی )

بێ جووڵە ڕاوەستە.

( بێدەنگی )

دایك

ئێستا دەڕۆم.

باوك

نەجووڵێیت ئەی قوزە شەیتان. ( لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕادەوەستێ )

( دایك دەڕوا )

باوك

گەر بتبینم یان نا تۆ هەر هی خۆمیت. ( بەو ناوەدا دەگەڕێ، بەو ناوەدا دەسووڕێتەوە، پاشان ڕادەوەستێ.) گوێت لێیە؟

( سێمیرا بە بێدەنگیی دێتە ژوورەوە )

( باوک دەنگێك دەژنەڤێ )

( بێدەنگیی )

باوك

دەزانم تۆ لەوێدایت .. گوێم لێیە هەناسە دەدەیت.

( سێمیرا چیلکەیەکی درێژی پێیە، بە ئەسپایی بە زگی باوکیدا دەچەقێنێ )

باوك

ئەوە چ دەکەیت؟

( سێمیرا چەند جارێك چیلکەکەی پێدا دەچەقێنێ، نیشانە لە چاوی دەگرێتەوە )

باوك

توو شەیتان وا مەکە. ( بە دەوروبەری خۆیدا دەکێشێ، بە نێو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە، دادەنیشێت )

( بێدەنگی )

سێمیرا

( وا دەنوێنێ کە تازەکی هاتۆتە ژوورەوە ) باوکە؟

باوک

تۆ کێیت؟

سێمیرا

خۆمم.

باوک

ونبە.

سێمیرا

هەر ئێستا نان دەخۆین.

باوک

گوتم ونبە.

سێمیرا

چ دەکەیت؟

باوک

بڕۆ دەرەوە.

سێمیرا

تەنها دەمەوێ کتێبەکەم ببەم.

باوک

بیبە و پاشان ونبە.

سێمیرا

یارمەتییەکت ناوێت؟

باوک

توو شەیتان دەتوانیت یارمەتی چیم بدەیت؟

( بێدەنگی )

باوک

چ دەکەیت؟

سیمێرا

دێم و دەچم. دێم و دەچم و بە تەنوورەکەمەوە دەور دەکەمەوە. هەوڵدەدەم خۆم شادومان بکەم. بەڵام ئەوە شتێکی هاسان نییە.... لە دونیایەکی وەك ئەوەی ئەمڕۆدا.

باوك

وەرە ئێرە.

سێمیرا

( دەچێت بۆ لای ) چیت دەوێ؟

باوك

وەرە ئێرە. ( هەڵیدەگرێ، بەرزی دەکاتەوە، لە باوەشی دەگرێت.)

سێمیرا

زۆر توند نا.

باوك

نا، زۆر توند نا.

( بێدەنگی )

سێمیرا

بۆنەکەی جارانت لێنایەت. بۆنی شتێکی ترت لێدێت.

باوک

بۆنی ئارەقە.

سێمیرا

ئەها. ( وچانێکی کورت ) کتێبێك لەبارەی کچێکی هاوتەمەنی خۆمەوە دەخوێنمەوە. کتێبەکە خۆی نووسیویەتی. جارێکیان کاتێك شەڕ دەبێت، ناچار دەبێت لەگەڵ باوك و دایکیدا خۆی لە ژوورێکی نهێنی هەورەبانەکەدا بشارێتەوە چونکە ئەو لە ڕەگەزێکی ترە و ئەڵمانەکان دەیانەوێ هەموویان بکوژن. ئەو کتێبە دیاری مامە ئیڤانە کاتێ ساڵی ڕابردوو جێژنی لەدایکبوونم بوو. مامە ئیڤان زۆر دەخوێنێتەوە. ئەو کتێبە هی ئەوە. ئەو نەیتوانیوە ئەو کتێبە بکڕێ. ئەوە تەنها کتێبێکە کە ئێستا ماومە. ئەوان هەموو کتێبەکانی تریان سووتاند، بەڵام من ئەوەم لە شوێنێکی وادا شاردبۆوە کە نەتوانن بیدۆزنەوە. ئەو کتێبەم حەوت جار خوێندۆتەوە. بەڵام ئەوە هەر هیچ نییە.

دەتوانم چەندەها جاری تر بیخوێنمەوە. ئەو کیژە هەڵبەت دواتر کوژرا. بەم زووانە تەمەنی من لە تەمەنی ئەو زیاتر دەبێت. دایکم و بێنینا گوتیان تۆ مردوویت. بەڵام من دەمزانی تۆ ماویت. دەمزانی تۆ بۆ ماڵەوە دەگەڕێیتەوە.

( بێدەنگی )

سێمیرا

ئێستا دەبێ ئێمە بگوێزینەوە؟

باوك

کێ وای گوت؟

سێمیرا

دایکم. دایکم دەڵێ ئێمە بۆ وڵاتێکی تر بگوێزینەوە کە لەوێ خۆراك و جل هەبێ و لەوێ من بتوانم بۆ قوتابخانە بچم.

باوك

ناتوانین بۆ هیچ کوێیەك بگوێزینەوە.

سێمیرا

نا، من حەزناکەم بگویزینەوە. زۆر قەیدی ناکا کە تۆ ناتوانیت ببینیت. ڕاستە بۆ تۆ ناخۆشە، بەلاّم شتەکە خراپتر بوو گەر نەتتوانیبایە بڕۆیت. کوڕێك لە پۆلەکەمان بوو هەردوو قۆلّی نەبوون. یەکێکی تریش هەبوو تەنها قاچێکی هەبوو، کەچی بۆ خۆی یاری دووگۆلّی دەکرد. دەیویست ببێتە پالّەوانی فتبۆلّێن. ئێمە ئیتر ناتوانین بچین بۆ قوتابخانە، بەلاّم قەیناکا. دایکم دەیگوت پێویستە من بچم بۆ خەستەخانە لەبەرئەوەی دەترسام. بەردەوام هەلّدەلەرزیم. نەمدەتوانی بخۆم و بنووم. بەلاّم ئیتر من ناترسم. ئێستا ئێمە دەبێ هەموویان بکوژین پاشان ئیدی ئەوان ناتوانن شتی زیاتر بکەن. ئەوا وەزعەکە هەمدیس باش دەبێتەوە. من دەتوانم بچم بۆ قوتابخانە و کاتێ بۆ مالّەوە دەگەڕێمەوە دەتوانم ڕۆژنامەت بۆ بخوێنمەوە و ئەو شتانەت بۆ بێنم کە دەتەوێن. بێنینا دەیەوێ بگوێزێتەوە بەلاّم من نازانم دەیەوێ بۆ کوێ بگوێزێتەوە. ئەو خەریکی پارە کۆکردنەوەیە بۆ سەفەرەکەی، بەلاّم من لەخەیالّی ئەوەدام بمێنمەوە و ئاگام لە تۆ و دایکم بێت. ئەو ڕەنگە جار جار بۆ سەردان بێتەوە، کاتێ دووردەکەوێتەوە، دیاریی جوانیش لەگەلّ خۆیدا دێنێ. ڕەنگە بۆ دیزنی لاندم بەرێت. ئەو بەلّێنی داوە بۆ ئەوێم بەرێت بەر لەوەی تەمەنم ببێتە هەژدە سالّ.

( تاریکی )

( ڕوناکی )

( هەرچواریان لە دەرەوەن. نان دەخۆن. ڕووناکییەکی بەتین )

سێمیرا

خواردنی زیاتر هەیە؟

دایک

نا، خۆت دەبینیت.

سێمیرا

ئاخر برسیمە.

دایک

خواردنی زیاتر نەماوە. تۆ لە هەمووان زیاتر دەخۆیت.

بێنینا

دەتوانێت لە بەشەکەی من بخوات.

دایک

خۆ تۆ هیچت نەخواردووە.

**بێنینا**

ناخۆم. زۆر گەرمە.

**دایک**

تۆ دەبێ بخۆیت. ناتوانیت بە بنێشت و کۆکاکۆلا بژیت.

**بێنینا**

دەخۆم ... دەخۆم کاتێك خۆم حەز بکەم.

**باوک**

دەتوانیت لە بەشەکەی من بخۆیت. ( نانەکەی خۆی دەداتە سێمیرا )

**سێمیرا**

ئەوان خواردنی دەدەنێ.

( بێنینا بە سێمیرادا دەکێشێت )

**باوک**

ئەوان؟ کام ئەوان؟

دایك

ئەوانەی کە یارمەتی دەدەن ... ئەوان هەندێك جار خواردنی دەدەنێ.

باوك

کێ؟

دایك

ئەوانەی کە یارمەتیمان دەدەن.

سێمیرا

ئەوانەی کە بردیانەوە .... ئەوە ئەوانن کە ئێستا یارمەتیمان دەدەن.

باوك

یارمەتی چیمان دەدەن؟

سێمیرا

نازانم.

باوك

ئەوانەی کە شار و گوندەکانیان سووتاندین، ئەوانەی کە ئاگریان لە منالّەکانمان بەردا، تا وەك مەشخەڵ سووتان. ئەوانە یارمەتیمان دەدەن؟

سێمیرا

ئەوان هەواساردکەر و یەخچاڵیان هەیە.

( بێدەنگی )

باوك

ئەری ئەوە چیتانە؟

دایك

هیچ.

سێمیرا

نا.

باوك


www.pertwk.com

ئا، بەڵام کەمێك شادومان بن.

**بێنینا**

من شادومانم.

**سێمیرا**

منیش.

**باوك**

دە دەریبخەن.

**بێنینا**

ئێمە وەك کلاوکوڕە دڵشادین.

**سێمیرا**

ویت، ویت، ویت ...

( بێدەنگی )

**باوك**

( لا بۆ دایك دەكاتەوە ) ئەدی تۆ؟ تۆ دڵشادیت كە من هەمدیس لەماڵەوەم؟

دایك

ئا.

باوك

ئیتر چیت دەوێ؟ تۆ پیاوێكت پێویستە. خۆ زۆر كەس هەن بۆ ماڵەوە ناگەڕێنەوە. ئەوانە ژنی تر دێنن و منالی تر دەخەنەوە. بیر لەوە بكەرەوە. تۆ دەبێت دڵشاد بیت كە پیاوێكت هەیە.

( بێدەنگی )

( باوك دەستی ڕایەڵ دەكا وەك ئەوەی نەوازشی سەگێك بكا )

( بێدەنگی )

دایك

( كاغەزی بنێشتەكە لە بێنینا وەردەگرێت، تەماشای دەكات ) ماوەیەكی زۆرە ڕەنگی پێوە نابینم.

**باوك**

**دینۆ؟ لەكوێیە؟**

**دایك**

**دینۆ؟**

**باوك**

**بۆ كوێ چووە؟**

**دایك**

**دیارنەماوە.**

**باوك**

**چۆن؟**

**دایك**

**مردووە.**

**باوك**

**مردووە؟**

**بێنینا**

**دەمێکە.**

**باوك**

**گیانی ئەویشیان کێشا؟ ناتوانن لێگەڕێن کە بێزمانێکی بێگوناهی ناچیزە بژی؟**

**( بێدەنگی )**

**باوك**

**چییان لێکرد؟**

**دایك**

**ئا، ئەوە ....**

**بێنینا**

**وەك خۆی باسی بکە. قەت وەك خۆی باسی شت ناکەیت. هەمیشە درۆ دەکەیت.**

**سێمیرا**

ڕاستیی ڕزگارکەرە. بەڵام هەندێك ڕاستی هەن مرۆڤ دەکرێ لەبیر خۆیان بەرێتەوە.

دایك

ئا، ئێمە ناچار بووین بیکوژین.

باوك

بۆچی؟

بێنینا

ئاخر برسیمان بوو.

دایك

چەند هەفتەیەك بوو هیچ خواردنمان نەبوو... نەماندەزانی چی بکەین.

سێمیرا

لە حەیوەتا گیامان دەخوارد.

باوك

خواردتان؟ ئێوە دینۆتان خوارد؟

**دایك**

**ئەی چیمان بكردایە؟**

**سێمیرا**

**خۆ ئەو تەنها سەگێك بوو.**

**بێنینا**

**واماننواند كە ئەو شتێكی ترە.**

**سێمیرا**

**من وامنواند مریشك بە سەوزەوە دەخۆم.**

**باوك**

**نەدەكرا وای بنوێینیت كە ئەو شتێكی جوانترە؟ بەرخی برژاوە؟**

**سێمیرا**

**من حەزم لە بەرخ نییە.**

**بێنینا**

**ئەویش چ خواردنی نەبوو.**

سێمیرا

دایکم گوتی بەهەرحاڵ ئەویش لە برسا دەمرێت.

بێنینا

ئەوان هەستیان بە هیچ نەدەکرد. ئەوان لەوە حاڵی نەدەبوون کە چ ڕوودەدا، کە ئێمەی خەڵك چ دەکەین.

سێمیرا

نا، بەڵام من خەفەتم بۆی خوارد. دینۆی بەسەزمان.

بێنینا

بەڵام تۆ لە ئێمە زیاترت خوارد، تەنانەت تۆ کلکەکەیشیت خوارد.

سێمیرا

ئاخر ئیتر ئەو کلکی بۆچی بوو؟

باوك

ئا، ئەو بەهەرحاڵ بە گەڕانەوەم دڵخۆش دەبوو.

**سێمیرا**

**خۆ ئەوانیش ئێمەیان دەخوارد؟**

**بێنینا**

**کێ؟**

**سێمیرا**

**ئا، ئەوانیش خەڵکیان دەخوارد ..... سەگەکان.**

**بێنینا**

**ئا، بەڵام خۆ ئەوان سەگن.**

**سێمیرا**

**من چەند جارێك قاپی ئاوەکەم بۆ ڕاگرت و هاوارم کرد بەشکم بێت، ئەوسا بیرم کەوتەوە کە ئەو مردووە.**

**( بێدەنگی )**

**بێنینا**

**ئەرێ ئێمە ناتوانین بۆ وڵاتێکی تر بچین؟**

**سیمیرا**

**با. بۆ دیزنی لاند.**

**دایك**

**كێ ئێمەی دەوێت؟**

**باوك**

**ئەدی چ شتێكی تر ڕوویندداوە؟**

**بێنینا**

**نا.**

**باوك**

**ئەدی لەگەڵ قوتابخانەدا چۆنن؟ ئاخۆ توانیتان بۆ قوتابخانە بچن؟**

**بێنینا**

**نا.**

**سیمیرا**

**نا، نەمانتوانی.**

**باوك**

**بۆ نەتانتوانی؟**

**سێمیرا**

**بۆمان نەبوو.**

**بێنینا**

**ئەوان حەزیان نەدەکرد ئێمە خۆمان فێری شتێك بکەین.**

**سێمیرا**

**لەبری ئەوە لە ماڵەوە دەمانخوێند. مامە ئیڤان گەر کاتی هەبووایە یارمەتی دەداین... گەر کاتی هەبووبێ .... زۆر پێش ئێستا.**

**بێنینا**

**ساڵێك پێش ئێستا.**

**سێمیرا**

**منیش وامگوت.**

**دایك**

**ئەو تەنها چەند جارێك لە ماتماتیك و ئینگلیزییدا یارمەتی داین، بەرلەوەی دیارنەمێنێ.**

**باوك**

**ئا، هەڵبەت کاتی هەبووە کە خۆی بۆ شتی لەوجۆرە تەرخان بکات.**

**بێنینا**

**ئەوەی ئینگلیزی بزانێت لە هەموو شوێنێك دەتوانێت تەگبیری خۆی بکات.**

**باوك**

**لەو شوێنە نا کە منی لێبووم.**

**سێمیرا**

**چل و دو لاپەڕە لە کتێبی ئینگلیزییەکەی من نوقسانە.**

**دایك**

**خەریکە سارد دەکا.**

**باوك**

**سارد؟**

**دايك**

**ئا.**

**باوك**

**نا، خۆشە. ( وچانێكی كورت ) بۆچی ئەو سەعی پێدەكردن؟ بۆچی تۆ پێت نەدەكردن؟ خۆ تۆ مامۆستایت؟**

**( ئیڤان دێتە حەوشەكە، نیازی وایە سڵاو بكا، بەڵام چاوی بە باوك دەكەوێت )**

**( دایك دەستی هەڵدەبڕێ تا ڕێگەی نەدا چ شتێك بڵێ )**

**( كچەكان تەماشای ئیڤان دەكەن، پاشان تەماشای باوك، پاشان دایك )**

**( دایك دەست بۆ ئیڤان ڕادەوەشێنێ تا بەڕێی خۆیدا بڕوات، بەڵام ئەو ڕادەوەستێ )**

باوك

ئەوە چییە؟

دایك

چی؟

باوك

چی بووە؟ ( دەست ڕادەوەشێنێ )

بێنینا

( دەست ڕادەوەشێنێ ) مێشەکانن. مێشەکان دەردەکات.

سێمیرا

( دەست ڕادەوەشێنێ )

مێشەکان، مێشەکان، مێشەکان...

دایك

ئێرە مێشی زۆرە.

باوك

من چ مێشێك نابینم.

**بێنینا**

**نا، ئێستا ڕۆیشتوون.**

**سێمیرا**

**ئەوە یەکێکە .... لەسەر مێزەکە.**

**باوک**

**ئاخۆ لە ئێستاوە پەیدابوون.**

**دایک**

**ئا، لەبەرئەوەی هەتاوە. ( هەوڵ دەدا وا لە ئیڤان بکات کە بەڕێی خۆیدا بڕوات، بەڵام ئەو ڕادەوەستێ )**

**سێمیرا**

**ئەوان زۆر وردن... زۆر شەڕانگێزن. ئەوانە دێنە چاو و دەم و شوێنی تریشەوە.**

**دایک**

**ئەرێ نەچینە ژوورەوە؟**

باوك

نا، لێرە باش دانیشتووم ... خۆشە لەبەر هەتاودا دانیشیت ... ئا، بەهەرحاڵ چ پێویستم بە چاویلەکەی هەتاو نییە. (پێدەکەنێ)

سێمیرا

چ ئازارێك نییە کە  خۆشییەکی لەگەڵ خۆیدا پێنەبێت.

باوك

نا، تۆ لەمەیاندا ڕاست دەکەیت.

( بێدەنگی )

باوك

ئاوم بدەرێ.

( بێنینا ئاو دەکاتە پەرداخەکەیەوە )

باوك

( دەیخواتەوە ) ئەم ئاوە شتێکە کە مرۆڤ ناتوانێ لەبیری بکا. لە هەموو گۆی زەویدا چ ئاوێکی تر نییە تامی وەك ئەم ئاوە خۆش


www.pertwk.com

بێ... پێتانوایە هاوینی ئەمساڵ چۆن دەبێ. بڵێی وەك هاوینی سێ ساڵ لەمەوبەر وشکوبرینگ بێ.

سێمیرا

لاشەیەکی زۆر لە ڕووبارەکەدان کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ بشوا.

( ئیڤان بە هێوریی و بێدەنگ دەچێت بۆ لایان. دوو مەتر لە دووریانەوە ڕادەوەستێ )

دایك

( پەنجە دەنێتە سەر دەمی ) ڕاستە.

باوك

ئاشکرایە ڕاستە. هەر لەسەرەتای حوزەیرانەوە ڕووبارەکە وشکی کرد.

( بێدەنگی )

باوك

( ئاوی زیاتر دەخواتەوە ) ئا، ئیڤان، ئیڤان پێیوابوو کە دەبێ شتێك بەشتێك بکا. ئەو بەڕادەیەك جوان بوو کە بتوانێ وەك

ئێمه ئیشی له کارگەکەدا دەست بکەوێ. دەیویست بۆ خۆی ببێته شتێکی باشتر، ببێته پارێزەر یان پزیشك. ئەو تژی بوو له خەون، ئەو. ئەو به کەڵکی هیچ نەدەهات. نه دەیتوانی دیوار هەڵچنێ و نه دارتاشیی بکا. نەیشدەتوانی ئوتومبێل بئاژوێ. هەر که پیاو داوای ئیشێکی لێدەکرد چەند پێچێکی بەدەوری خۆیدا دەخوارد، وەك سەگێك بەرلەوەی بڕێ. بەختی ئەو بوو شەڕ هەڵایسا.

سێمیرا

ئەوە باوکمه.

دایك

با بچینه ژوورەوە.

باوك

بۆچی؟

دایك

تۆ لێره بمێنەوە.

سێمیرا

ئا، لێرە بمێنەوە.

باوك

لێرە بمێننەوە. لێرە لەبەر هەتاودا دادەنیشین تا ئێوارە. پاشان دەچینە ژووریّ و دەرگاكە دادەخەین.

( بێدەنگی )

( ئیڤان لەدوای بێنیناوە ڕادەوەستیّ، بەرامبەر باوك )

باوك

( دەستی بەرەو لای دایك ڕایەڵ دەكا، دەستی دەگرێت ) هەڵبەت وەزع باشتر دەبیّ. مرۆڤ ڕادێت. دواجار وامان لێدێت كە پێمان وابێت وەزعەكە تەواوێك ئاساییە. بیرتان دەچێتەوە كە ڕۆژێك لەڕۆژان من چاوم هەبووە. مرۆڤ دەتوانیّ لەگەڵ هەموو شتێكدا ڕابێت... بەڵام هەندێك كاتی پێویستە. خۆ من هەر ئەو كەسەی جارانم. چ كەسێكی تر نیم ( وچانێكی كورت ) كاتیّ لە ئۆردوگا بووین هەمیشە قسەمان لەبارەی ئەوەوە دەكرد كە كەنگیّ شەڕ تەواو بیّ و ئازاد بین ... هەمووان خەویان بەوەوە دەبینی كە وەزعەكە وەك جارانی لێبێتەوە ... كە وەزعەكە ئاسایی بێتەوە....

( تاریکی )

( ڕوناکی )

( له حەوشه، لەتاریکیدا. ئیڤان و دایك بەرامبەر یەك وەستاون)

ئیڤان

ئاوها، دواجار گەڕایەوە.

دایك

ئا، دوای نیوەڕۆ گەڕایەوە. هات و لەبەر حەسارەکەدا ڕاوەستا.

ئیڤان

زۆر خۆشه.

دایك

وامزانی تارماییه.

( بێدەنگی )

**ئیڤان**

**باش بەخۆیدا ڕاگەییوە.**

**دایک**

**ترسناکە.**

**( بێدەنگی )**

**ئیڤان**

**باشە بۆچی وا لەبارەی منەوە دەدوا وەك ئەوەی مردبم.**

**دایک**

**لەبەرئەوەی من ناچار بووم کە ...**

**ئیڤان**

**چی؟**

**دایک**

**کە بڵێم تۆ مردوویت.**

**ئیڤان**

**كه مردووم؟**

**دايك**

**ئا، ئەدى چيم گوتبا؟ ( وچانێكى كورت ) نەمدەزانى ئاخۆ دەبێ چ بڵێم.**

**ئيڤان**

**نا.**

**دايك**

**ئاخر ئەو كوێرە. ئيدى ناتوانێ هيچ ببينێت.**

**ئيڤان**

**ئەوە بەشێوەيەك لە شێوەكان جۆرێكە لە شانس.**

**دايك**

**ناچار بووم شتێكى ئاوها بڵێم. زۆر ترسام. وامزانى تارماييە و هاتووە تا ...**

**ئيڤان**

**ئا، بێگومان.**

( بێدەنگی )

ئیڤان

من تێنەگەیشتم بۆچی چ کاردانەوەیەکی پیشان نەدا کاتێ من هاتم... ماوەیەکی خایاند تا حاڵی بووم لەوەی کە ئەو ناتوانێ بمبینێ.

دایک

بیربکەوە گەر شتێکت گوتبا.

ئیڤان

ئا، خەریك بوو .... خەریك بوو بچمە پێشەوە و باوەشی پێدا بکەم ... نازانم چی وای لێکردم ئارام بگرم و نەچم.

دایک

باشە چ بکەین؟

ئیڤان

ئا، وا بڵێ.

دایک

باشه ئێستا چ بکەین؟

ئیڤان

نازانم.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئاوها، بەهەرحاڵ ئەو هاتۆتەوە ... ئەوان نەیانتوانیوە بیکوژن.
ئا، خۆ دەبێ هەندێك کەس ڕزگاریان بێ.

دایك

پێیوایە هەموو شتێك دەبێ وەك جارانی لێبێتەوە.

ئیڤان

وەك جاران؟

دایك

ئا، ئەو وای دەوێت.

ئیڤان

ئا، بێگومان .... ئەدی بۆچی وای نەوێت؟

( بێدەنگی )

ئیڤان

تۆ گوتت من مردووم؟

دایک

نا، ڕاستەوخۆ نا، بەڵام ...

ئیڤان

بەڵام ڕەنگە تۆ بتەوێ ...

دایک

ئەو پێیوایە.

ئیڤان

ئەدی ئەو چی گوت؟

دایک

زۆر شتی نەگوت.

**ئیڤان**

**هیچی نەگوت؟**

**دایك**

**نا.**

**ئیڤان**

**نەیپرسی کە من چۆن مردووم؟**

**دایك**

**من تەنها گوتم تۆ دیارنەماویت .... بەر لە ساڵی تازە، کاتێك کە بەفرێکی چڕ دەباری ....**

**ئیڤان**

**باشە .... ئێستا دەبێ چ بکەین؟**

**دایك**

**نازانم.**

**ئیڤان**

ئاخر ئەو برای منە.

دایك

وایە.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئەی من شەو لەكوێ بنووم؟

دایك

نازانم ...

ئیڤان

ئێوە لەسەر یەك سیسەم دەنوون؟

دایك

نازانم ... من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بنووم.

ئیڤان

ئێوە پێكەوە دەنوون؟

دایك

نا. من هەست بەو ناكەم. وەك بڵێی پیاوێكی بێگانە بێت. من تۆم خۆش دەوێ.

ئیڤان

بەڵام ئاخر ئەمە ماڵی ئەوە.

دایك

من تۆم خۆش دەوێ.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ڕەنگە واباشتر بێت قسە لەمبارەیەوە بكەیت.

دایك

قسەی چی؟

ئیڤان

قسەی ئەوەی كە چی ڕوویداوە ... لە من و لە تۆ.

دایك

نا.

ئیڤان

هەڵبەت باشترە ئەوە لە خۆتەوە ببیستێ نەك لە خەڵكی ترەوە.

دایك

( بێدەنگ ) خۆی وا باشتر بوو ئەو مردبا.

ئیڤان

دەبێ درەنگ یان زوو لە مەسەلەكە بگات.

دایك

نازانم چی بڵێم .... خۆیشم نازانم چ دەڵێم.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئەوە هەڵەی ئێمە نییە. ئیدی ئەوە شەڕە.

دایك

ئا، ئەوە شەڕە.

ئیڤان

خۆ من ناتوانم بەم ناوەدا بێم و بچم و وا بنوێنم وەك ئەوەی نیم.

دایك

نا.

ئیڤان

نا ... سبەینێ لەگەڵیدا بدوێ.

دایك

دەمەوێ پێی بڵێم تۆم خۆش دەوێ.

( بێدەنگی )

دایك

گەر برات نەبوایە ...

ئیڤان

من دڵنیابووم کە ئەو مردووە.

دایك

منیش.

ئیڤان

لە دەسەڵاتی مندا نییە کە ئەو برامە. خۆ من ئەوم هەڵنەبژاردووە.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئێستا ئێمە چی بکەین؟

دایك

نازانم.

ئیڤان

دەتەوێ من بەرێی خۆمەوە بڕۆم؟

دایك

نا.

ئیڤان

ڕەنگە ئەوە باشترین شت بێت .... بۆ هەمووان؟

دایك

نا، نابێ وا بکەیت.

ئیڤان

بەهەرحاڵ ڕەنگە من بمەوێ وا بکەم.

دایك

نا، تۆ نابێ جێمبێڵیت.

ئیڤان

دەتوانم خۆم بگەیەنمە ئەڵمانیا. لەوێ ئیش هەیە. دەتوانم لەوێ شتێك پارە کۆکەمەوە.

دایك

تۆ بۆت نییە جێم بهێڵیت.

ئیڤان

سەرلەنوێ دەست پێبکەوە و ژیانێکی باش بۆ خۆت دابینکە. ئەم گووە لەبیربکە. من ناترسم لەوەی کە سەرلەنوێ دەست پێبکەمەوە. بەپێچەوانەوە. بەهەرحاڵ لێرە هیچ شتێك نییە. تەنها قەبر.

( بێدەنگی )

ئیڤان

تۆ خاوەن مێردی خۆتیت.

دایك

تۆ مێردی منیت. هەرگیز نێوانی من و ئەو وەك نێوانی من و تۆ نەبووە.

ئیڤان

ئەمە بە دەم ئاسانە.

دایك

ئەوە حەقیقەتە.

**ئیڤان**

**وایە، ڕەنگە ئەوە حەقیقەت بووبێ. سەگێکیش کە قەپاڵ بەخاوەنەکەیدا دەکا پێی وایە ئەوە حەقیقەتە.**

**دایك**

**کە لەگەڵ ئەودا بووم مردبووم. چ گرنگ نەبوو چیم بەسەر دێ. نەمدەتوانی هەست بکەم. نەمدەتوانی قسان بکەم. بەڵام کاتێ تۆ هاتیت ئەوسا بۆ یەکەمین جار کەوتمە ئەوەی بژیم. قەت ئاوها وەك ئەم ساڵە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شەڕ بوو، برسێتیی بوو، گەندوگوو بوو، ترس بوو، بەختەوەر نەبووم. من سوپاسی شەڕ دەکەم ... بەڵام من ئەوەم دەزانی. ( وچان ) هەر لەیەکەم جارەوە ئەوەم دەزانی.**

**ئیڤان**

**چیت دەزانی؟**

**دایك**

**دەمزانی کە دەڕۆیت .... کە ڕۆژێك لەڕۆژان جێم دێڵیت.**

**ئیڤان**

**ئا، خۆ هێشتا جێم نەهێشتوویت.**

دایك

جێم دێڵیت ... ئاخر چیت لە پیریێژنێك داوە بە دوو كچەتیوەوە؟ خۆ من جوانیش نیم، تەنها پەیكەرێكی ئێسكییم. من هیچ نیم.

ئیڤان

جارێ بیرم لەوە نەكردۆتەوە بڕۆم .... بەڵام ئێستا كە ئەو گەڕاوەتەوە ...

دایك

ڕەنگە شوێنێك بۆ ئەو هەبێ .... ڕەنگە ماڵێك بۆ ئەو هەبێ .... ماڵێك بۆ كوێرەكان.

ئیڤان

هەڵبەت چ ماڵێك بۆ ئەوانە نییە كە دەبینن. ( بەرەو لای پەنجەرەكە دەچێ و تەماشای ناوەوە دەكا ) لەوێ دانیشتووە ... و زەق زەق دەنۆڕێ.

دایك

چ بكەین. ( وچانێكی كورت ) ئەدی ئەمشەو چ بكەین؟

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( بێنینا دێتەماڵەوە. سێمیرا چاوی بە بێنینا دەکەوێ، بەرەو لای ڕادەکا، لەدوایەوە دەڕوا )

سێمیرا

ئەمڕۆ ئیش چۆن بوو؟

( بێنینا لەسەر دۆشەکەکە دادەنیشێت. سێمیرا سەرمەوقولاتێك دەدا و لەتەنیشت بێنیناوە دادەنیشێت )

( بێنینا پارە کاغەزەکانی جانتاکەی دەژمێرێت، سێمیرا خۆی درێژ دەکا تا پارەکان ببات، بێنینا پاڵێکی پێوە دەنێ. سێمیرا هەوڵدەدا ختووکەی بێنینا بدات )

بێنینا

بەسە … ئۆه … ( سێمیرا ختووکە دەدا )

سێمیرا

بەسە .... بەسە ... میز بەخۆمدا دەکەم.

بێنینا

دەزانم. من لەسەر هەمان سیسەمەکەی تۆ دەنووم.

سێمیرا

( بە سەرینەکە پیایدا دەکێشێ ) بۆنی دینۆ دێت.

بێنینا

بنۆڕە. ( پارە کاغەزەکانی پیشان دەدا ) سیانن.

سێمیرا

سیان بەیەك جار؟

بێنینا

ئەمەریکی بوون ...

سێمیرا

قێزەوەن نەبوو؟ چیان کرد؟ دۆندرمەیەکت وەرگرت؟

بێنینا

بۆ پێتوایە چییە؟ پێتوایە دیزنی لاندە؟ ( وچان ) یەکێك بوو کە لە یۆمینگ نگ نگ ەوە هاتووە ... دەیەوێ ببێتە قەشە.

سێمیرا

قەشەیەك لە یۆمینگەوە؟

بێنینا

بەهەرحاڵ ئەوان لە ڕووسەکان باشترن.

سێمیرا

دەزانم.

بێنینا

ئەوان وەك قەحبەیەك مامەڵەیان دەکردم. ( کەتیرەی ناو زەرفێك هەڵدەمژێت )

( سێمیرا هەوڵدەدا کیسەکە بفڕێنێ )

بێنینا

( تەماشای ئەو دەکا و زەرفەکە لەبەر ڕوخساریدا ڕادەگرێت ) هەڵیمژە ... هەڵیمژە ... توند ... توند، توند، توند ...

**سێمیرا**

( دەکۆکێ ) بە مرۆڤدا دەچەقێ، مرۆڤ ختوکە دەدا ... من سەرخۆشم.

( لەسەر دۆشەکەکە ڕادەکشێن )

**بێنینا**

( گۆرانی دەڵێ، بەرز و بەرزتر ) لە قەراغی دارستانێکدا، سەربازێك لەگەڵ کچۆڵەیەکی جواندا جووت دەبێ. لە هەموو شوێنێکی جەستەیەوە خوێن دەچۆڕێت. سەربازەکە یەکەمین کەسە کە ...

( سێمیراش گۆرانی دەڵێ )

**بێنینا**

( باوەش بە سێمیرا دا دەکا ) خۆشم دەوێیت. تۆ زۆر گچکەیت. لە هیچ حاڵی نابیت.

( دایك دێتە ژوورەوە، دەست دەداتە بێنینا و لەگەڵ خۆیدا دەیبا)

**بێنینا**

**نا.**

**( تاریکی )**

**( ڕوناکی )**

**( سێمیرا و باوك لەسەر دۆشەکەکان ڕاکشاون. دایك دێتە ژوورەوە.)**

**باوك**

**لەکوێ بوویت؟**

**دایك**

**لە دەرەوە بووم.**

**باوك**

**لە کاتێکی ئاوهادا؟ بۆچی؟**

**( بێدەنگی )**

**باوک**

**چی؟**

**دایک**

**چییه؟**

**باوک**

**لەدەرەوە چیت دەکرد؟**

**دایک**

**هیچ.**

**باوک**

**تەنها لەدەرەوە دانیشتبوویت؟**

( **بێدەنگی** )

**باوک**

**ئارام بوو؟**

**دایك**

**ئارام؟**

**باوك**

**ئا، هەوا چۆنە؟**

**دایك**

**تاریکە.**

**باوك**

**ئاشكرایە تاریكە. هەڵبەت ئێستا شەوە.**

**دایك**

**ئا ... شەوە.**

**باوك**

**یەكەمین شەو لە ماڵەكەمدا. هەڵبەت ئیدی ڕووناكیی زۆر نییە. ( وچان ) لە ماڵەكانی تریش. ئیدی لەوێ ڕووناكیی پرشنگ نادات.**

**دایك**


www.pertwk.com

چ ماڵێك نەماوە.

باوك

منیش مەبەستم لەوەیە ... زۆر لە خەڵكییش نەماون.

( بێدەنگی )

باوك

ئەرێ ئەستێرە زۆر بە ئاسمانەوەن؟

دایك

ئەستێرە؟

باوك

بە ئاسمانەوە؟

دایك

ئا، زۆر هەن. ( وچانێكی كورت ) ئەرێ ناتەوێ بنوویت؟

باوك

بۆچی بنووم؟

( بێدەنگی )

باوك

( هەڵدەسێ ) خۆ گێل نیم تەنها لەبەرئەوەی چاوم نابینێ. هەڵبەت من دەبێ بەخۆمدا ڕابگەم. من هێشتا گەنجم. هێشتا تەمەنم سی و هەشتساڵە. باپیرەم تەمەنی نەوەد و سێ ساڵ بوو، تا تەمەنی بووە نەوەد و نۆ سەوزەی دەبرد بۆ شار. من هێشتا زۆرم ماوە. تەنها تێر بە زگی خۆم بخۆم ئەوسا دەتوانم.... زۆر شت بکەم.... دەتوانم خۆم فێرکەم ..... هەڵبەت زۆر شت هەن کە کوێرێك دەتوانێت بیانکات.

( بێدەنگی )

باوك

ناتەوێ بێیت و ڕاکشێیت؟

دایك

با، هەر ئێستا.

باوك

ئەوان باش مەسەلەکەیان وەرگرت ... هەڵبەت ڕادێن.

دایك

کچەکان؟

باوك

ئا، باش مەسەلەکەیان وەرگرت.

دایك

ئا، ئەدی چییان کردبا؟

باوك

کە من ڕۆیشتم ئەوان هێشتا مناڵ بوون ... ئێستا گەورەن... هەردوو کیژەکەمان.

دایك

ئا، کیژەکانمان، ئەوان گەورەن.

باوك

بەڵام ئەوان بۆ من هەمیشە لەو کچانە دەچن کە بۆ دووایەمین جار بینیمن. ( وچانێکی کورت ) ئەمە ئەو شتە بوو کە ئومێدی


www.pertwk.com

پێدەبەخشیم ... ئەمە شتێك بوو كە شەو و ڕۆژ بیرم لێدەكردەوە... ئومێدی ئەوەی كە بگەڕێمەوە و هەمدیس بیانبینمەوە.

**دایك**

ئەوان زۆر دڵخۆش بوون.

( بێدەنگی )

**باوك**

پیاو دەبێ سوپاسگوزار بێت كە باوانی بەهەرحاڵ بەوەدا ڕاگەییشتوون بمرن، تا ئەوان لەكۆڵ ئەوە ببنەوە كە ئەمە ببینن... خۆش بەحاڵی ئەوانەی كە بەر لە مناڵەكانیان مردوون. ( وچانێكی كورت ) هەموو شەوێك قەبرمان هەڵدەكەند لەبەرئەوەی دەمانزانی كە سبەینێ دەبێ یەكێكی لەناودا بنێژین... بەیانییەكیان باوك و دایكم بوون كە شتمن و كفنم كردن. ( وچانێكی كورت ) لەكوێیت؟

**دایك**

ئەمەتام.

باوك

ئەی چی دەکەیت؟

دایك

تەنوورەیەك دەدوورمەوە. (دادەنیشێ و پانتۆڵی برای مێردەکەی لەسەر ئەژنۆی دادەنێ، تەواوێك بێجووڵە دادەنیشێت)

باوك

تەنها خەیاڵم لای ئەوە بوو چ دەکەیت؟

دایك

دەدوورمەوە ... شتێك دەدوورمەوە کە دەکرێت بدووردرێتەوە.

باوك

ئاها. ( وچانێکی کورت ) بۆ ئەوان خەراپترین شت بوو کە پێویستبا ئیڤان بنێژن. ئاخر ئەو کوڕە نازدارەکەیان بوو.

دایك

ئا .... وابوو؟

باوك

ئا، ئەو ڕووناکییان بوو. کوڕە نازدارەکەیان بوو .... هەڵبەت لەبەرئەوەی کە ئەو پاشەبەرە بوو. ئەوە ئەو بوو کە دەبوو ببێتە شتێکی گەورە. ئەوان لەوەڕگای ئاژەڵەکانیان بۆ فرۆشت تا بە پارەکەی خەرجی خوێندنەکەی لە زانکۆ دابین بکەن. ئەوان بەئومێد بوون ببێتە دکتۆر ... دکتۆر، لەبەرئەوەی دکتۆر شتێکە کە هەمیشە مرۆڤ پێویستی پێیەتی. دکتۆر و پینەچی. ( وچانێکی کورت ) تەنانەت ئەو شیعریشی دەنووسی ... شتێك کە کاتی بۆی هەبوو. ئەو لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە نەبوو.

( بێدەنگی )

باوك

ئەو چۆن مرد؟

دایك

کێ؟

باوك

ئیڤانی برام.

دایك

نازانم. وەك ئەوانی تر.

باوك

پێمخۆشە بیڵێیت. ناشێ چ شتێكی تر هەبێ بەسۆتر لەوەی كە بەسەر مندا هاتووە.

دایك

من هیچ نازانم. تەنها ئەوە دەزانم كە ئەو دیار نەماوە.

باوك

ساڵی ڕابردوو؟

دایك

ئا.

باوك

خۆ ڕەنگیشە نەمردبێ.

دایك

ئا.

باوك

کێ چوزانێ؟ ڕەنگە لە ڕۆژێکی جواندا قووت بێتەوە. من گەڕاومەتەوە بەبێ ئەوەی گەڕانەوەم لە خەیاڵی هیچ کەسێکدا بووبێت. تەنانەت لە خەیاڵی خۆیشم.

دایك

نا.

باوك

مرۆڤ قەت نازانێ .... لە گەڕاژ بووم بە هاوسەفەری کەسێك کە لە هەمان ئۆردوگاکەی من بوو، بەڵام لە بینایەیەکی تر. کوڕێکی لە گەڕاژ پەیدا کرد و داوای لێکرد کە بەر لەخۆی بچێت بۆ ماڵەوە بۆ لای دایك و باوکی و بۆیان باسکات کە ئەو زیندووە و نەترسن کاتێ چاویان پێی دەکەوێ. لەبەرئەوەی تابلێی لەڕ و لاواز و نەخۆش بوو. بەڵام گەرچی ئاگاداریش کرابوونەوە کەچی دایکی کاتێ لەبەر پەرژینەکەدا چاوی پێی کەوت بوورایەوە، ئاخر ئەو زۆر گۆڕابوو. ئەوان داوایان لێکردم کە فراوینیان لەگەڵ بکەم، بەڵام من تەنها یەك جام ئاوم خواردەوە، لەبەرئەوەی منیش زۆر پەلەم بوو بۆ ماڵەوە بۆ لای ژن و کچەکانی خۆم. پەلەم بوو دەمویست هەرچی زووە بگەڕێمەوە لای خێزانەکەم.

**دەمویست بزانم دەژین ... بزانم ماون و بزانم بە بینینم شادومان دەبن.**

**( بێدەنگی )**

**دایک**

**ناوی چی بوو؟**

**باوک**

**کێ؟**

**دایک**

**ئەو کەسەی کە لەبارەیەوە قسەت کرد؟**

**باوک**

**ناوی چی بوو؟ جا ئەوە چ گرنگییەکی هەیە؟**

**دایک**

**نا.**

**( بێدەنگی )**

( دایك دەچێت بەرەو لای ئەو دۆشەكەی كە سێمیرای لەسەر نوستووە، بە پارێزەوە خۆی دەكات بەژێر بەتانییەكەیدا )

( بێدەنگی )

( دایك لەسەر پشت ڕادەكشێ و لە تاریكاییەكە دەنۆڕێ )

باوك

لێرە ڕاناكشێیت؟

دایك

من هەمیشە لێرەدا دەنووم.

باوك

وەرە و لەگەڵ مندا ڕاكشێ.

( بێدەنگی )

باوك

وەرە ئێرە. ( وچان ) ئێرە.

( بێدەنگی )

( دایك بە هێوریی دەڕوا بۆ لای دۆشەکەکەی باوك و لەلایەوە ڕادەکشێ )

**باوك**

خۆت دانەکەندووە؟

( بێدەنگی )

جلەکانت دانەکەندووە؟

**دایك**

نا. من ...

**باوك**

بۆچی؟

**دایك**

سەرمامە.

باوك

سەرماتە؟ ( وچانێكی كورت ) تۆ سەرماتە؟

دایك

ئا .

باوك

من گەرمت دەكەمەوە. ( دەستی دەگرێ. سەرنج لە ئەنگوستیلەی هاوسەرییەكەی دەكا )

دایك

ناچار بووم بیفرۆشم.

باوك

ئەوەی من ... لێیان سەندم.

( بێدەنگی )

دایك

شەوباش.

( بێدەنگی )

باوک

ڕووم تێکە.

دایک

با ئێستا بنووین.

باوک

بنووین؟

دایک

بنووین.

باوک

ئا.

دایک

من هیلاکم.

**باوک**

**نا** ... **دەتوانیت دوایی بنوویت** ... **ئێستا لاکەرەوە**..

**دایک**

**نا** .... **من حەز دەکەم** ....

**باوک**

**با، بە گوێم بکە.**

**( بێدەنگی )**

**دایک**

**نا، لێمگەڕێ.**

**باوک**

**وەرە.**

**دایک**

**نا، واز بێنە.**

**باوک**

چیتە؟

دایك

نامەوێت.

باوك

چیت ناوێ؟

دایك

نا.

( بێدەنگی )

باوك

من تۆم دەوێ .... لەمە تێناگەیت؟

دایك

ناتوانم.

باوك

ناتوانیت؟

دایک

نا.

باوک

چی؟

دایک

ناتوانم.

باوک

ئەدی بۆچی؟ ( وچان ) لەبەر ئەوەی کوێرم؟

دایک

نا.

باوک

کەواتە باشە. دەی.

دایک

لەبەرئەوە نییە کە کوێریت.

باوک

لەبەرئەوەیە کە منت ناوێت؟

دایک

ئەرێ ناتوانین بنووین؟

باوک

جاڕ بە جەهەننەم. من بۆ ماڵەوە نەگەڕاومەتەوە تا بنووم. ئەو شتەم دەوێ کە مافی خۆمە.

دایک

دەستت لابە.

باوک

ئەوەم دەوێ کە هی خۆمە.

دایک

هی تۆ نییە. هیچ شتێك هی تۆ نییە. دەستم بۆ مەبە.

باوك

چەندم حەز لێبێ و کەنگێ بمەوێ دەستت بۆ دەبەم. توو جەهەننەم چیتە؟ ( لێی دەدا ) ئێستا نەجووڵێیت. ئەگینا دەیترشێنم. ناچارم مەکە بەر قامچیت بدەم. ( لێی دەدا ) ئەوە بکە کە پێت دەڵێم.

دایك

باشە. لێمبدە. لێمبدە.

باوك

( لێی دەدا ) نامەوێ لێت بدەم. من قەت لێمنەداویت.

دایك

لێمبدە.

باوك

( لێی دەدا ) گوێت لێنییە چ دەڵێم؟

دایك

چۆنت پێخۆشە وا بکە.

باوك

نامەویت. نامەویت لێت بدەم.

دایك

گەر پێتخۆشە لاقەم بکە.

باوك

لاقەت بکەم؟ چۆن دەتوانم شتی وا بکەم؟ پیاوێك ناتوانێ لاقەی ژنی خۆی بکات.

دایك

پێشتر کراوم .... زۆر زۆر کەڕەت.

باوك

چی؟

دایك

لە لایەن تۆوە لاقە کرابم یان هەر کەسێکی تر، چ فەرقی نییە.

باوك

نا .... نا ...

( بێدەنگی )

باوك

کێ؟ ... کێ؟

دایك

چ جیاوازی نییە.

باوك

کێ لاقەی کردوویت؟ کێ سوارت بووە؟

دایك

چ فەرقی نییە.

باوك

کێ بووە؟

دایك

هەموو.


www.pertwk.com

باوك

زۆر بوون؟ ( وچانی كورت ) من دەیانناسم؟

دایك

پیاوانێك بوون ... پیاوانی ئاسایی، وەك تۆ ... هەندێكیشیان قوتابی خۆم بوون.

باوك

زەكەریان پێدا كردوویت؟ زەكەرە گوواوییەكانیان پێدا كردوویت؟

( بێدەنگی )

باوك

بڵێ ئەوانە كێ بوون .... دەبێ بیانكوژم. بیانخۆم.

دایك

ئا، وا بكە.

باوك

یەكەم جار ئەوان دەكوژم و پاشانیش تۆ.

( بێدەنگی )

باوك

گەر  یەك تۆز حەیات هەبووایە خۆت دەكوشت.

دایك

وایە.

باوك

بەر لەوەی بۆماڵەوە بگەڕێمەوە .... من شەرەفم چووە. ( وچان )
تۆ گوویت. ( بە توندی بە دەوربەری خۆیدا دەكێشێ )

( بێدەنگی )

باوك

كچینە ....

( بێدەنگی )

باوك

**کچەکانم ...**

**( بێدەنگی )**

**باوك**

**ئەدی بۆچی لەوان گەڕاون؟**

**( بێدەنگی )**

**دایك**

**یەکەمین کەسانێك کە هاتن مارکۆ و کوڕەکانی بوون .... ئەوان تەنها پێدەکەنین.**

**باوك**

**مارکۆ؟ ( وچان ) دراوسێکەمان؟ ( وچانێکی کورت ) مارکۆ نا؟**

**دایك**

**ئەو تەنها پێدەکەنی.**

**باوك**

**ئەو نا، مارکۆ نا.**

دایك

ئەو و کوڕەکانی ... سەرخۆش بوون ... هەر لە بەیانی زووەوە کەوتبوونە خواردنەوە.

باوك

نا. ( وچان ) خۆ ئێمە .... خۆ ئێمە یەکترمان دەناسی.... نەخشەمان دەکێشا و پێکەوە یاری فتبۆڵێنمان دەکرد .... هەر جارێ ئۆتومبێلەکەی پێویستی بە چاککردن بووایە، یارمەتیم دەدا.

دایك

خۆی و دوو کوڕەکەی.

باوك

ئەوان هەمیشە لێرە لای ئێمە بوون ... تۆ بۆ ئەو ساڵۆنە دەچوویت کە ژنەکەی ئەو لەوێ ئیشی دەکرد و قژت ڕەنگ دەکرد.

دایك

ئەوان زۆریان لێدەکردم تا ببینم چیم لێدەکەن ... سەعات دوای سەعات ... دوای سەعات ...

( تاریکی )

( ڕوناکی )

( باوک چووەتە دەرەوە. ناتوانێ بقیژێنێ. بێجووڵە لەتاریکیدا دانیشتووە. هەڵدەسێ، هەمدیس دادەنیشێتەوە.)

( بێدەنگی )

باوک

( بێدەنگی )

ئەوە کێیە؟

( بێنینا دێتە حەوشە. شەکەت و ڕەنگی بزرکاوە )

باوک

( هەڵدەسێ ) دەیتەقێنم ... دەمانچەم پێیە . ( وچانی کورت ) بڵێ کێیت ئەگینا تەقە دەکەم.

بێنینا

بەسە.

باوک

بێنینا؟

بێنینا

ئا ... ئەوە چ دەکەیت؟

باوک

ئەوە تۆیت؟

بێنینا

بەچی تەقە دەکەیت؟

باوک

نەمدەزانی کێیت .... بۆی هەبوو هەر کەسێکی تر بایت.

بێنینا

خۆ تۆ دەمێك بوو مردبوویت.


www.pertwk.com

باوك

لەکاتێکی وا درەنگدا خەریکی چیت؟

بێنینا

درەنگ؟ ئێستا بەیانییە.

باوك

بەڕاست؟ بۆ سەعات چەندە؟

بێنینا

نازانم.

باوك

بۆ کوێ دەچیت؟

بێنینا

چۆن؟

باوك

ڕێك وەڵام بدەوە.

**بێنینا**

**دەڕۆم دەنووم. هیلاکم.**

**باوک**

**لە دەرەوە بوویت؟**

**( بێدەنگی )**

**باوک**

**ڕاوەستە.**

**بێنینا**

**چییە؟**

**باوک**

**ڕاوەستە و قسانم لەگەڵ بکە ... وەرە ئێرە.**

**بێنینا**

**چیت دەوێ؟**

**باوك**

**دەمەوێ قسانت لەگەڵ بکەم.**

**بێنینا**

**بۆچی؟**

**باوك**

**بۆچی؟ من .... ( وچانێکی کورت ) هەڵبەت زۆر شت هەیە کە مرۆڤ ..... تۆ خۆت زۆر باش دەزانیت؟ ( دەستی ڕایەڵ دەکا) وەرە ئێرە.**

**بێنینا**

**خۆ من لێرەم.**

**باوك**

**وەرە نزیکتر ... لەکوێیت؟**

**بێنینا**

**چییە؟**


www.pertwk.com

باوک

ئا. دەستتم بدەرێ، تکایە. ( هەمدیس دەست ڕایەڵ دەکا ) من...

بێنینا

چییە؟ زەحمەتە ببینیت؟

( بێنینا نابەدڵانە دەستی دەگرێت )

باوک

ئاوها. ( کەمێك لەتر دەدا )

( بێدەنگی )

باوک

نا، ئەوە .... هەڵبەت تۆ نابێ شەوانە لە دەرەوە بیت و بێیت و بچیت ... پیاو نازانێ چ ڕوودەدا ...

بێنینا

ئێستا بەهەرحاڵ .... دەرەوە ئارامە.

باوک

ئا، بەڵام پیاو نازانێ چ شێتوشبرێکی بەرەڵا لەم ناوەدا تەراتێنێتی.

بێنینا

بەخۆمدا ڕادەگەم.

باوک

ئا .... ئاوها زۆر دڵنیا مەبە.

بێنینا

هەڵبەت کەس لێرە نەماوە .... ئەوەی ماوە ئەوانەن کە دەیانەوێ دەرچن.

باوک

دەیانەوێ بۆ کوێ دەرچن؟

بێنینا

ئا ... کەس لێرە نەماوە.

باوک

هەڵبەت وەزعەکە وەك جاران ئاسایی دەبێتەوە.

**بێنینا**

**ئەوسایش لە ئێستا باشتر نەبوو.**

**باوك**

**تۆیش ئەوەت دەویٚ؟ دەتەوێت دەرچیت؟**

**بێنینا**

**ئەی مرۆڤ لێرە چی بکات؟**

**باوك**

**بۆ کویٚ؟**

**بێنینا**

**بۆ هەر کوێیەك بیٚ. ( وچانێکی کورت ) هەندێك دەڵێن بۆ ئەمەریکا دەڕۆن، بەڵام ئەوە تەنها خەونە.**

**باوك**

**ئا، دیارە ئەویٚ جوانە ... بەهەرحاڵ خەڵك پێیان وایە. بەڵام گەر مرۆڤ پارەی پێنەبیٚ ... ئەوا لەڕاستیدا ئەویٚش وەك ئێرە وایە.**

**بێنینا**

**له ئیتاڵیا ئیش هه‌یه‌. زۆر کچ له‌وێ ئیش ده‌که‌ن.**

**باوک**

**چ ئیشێکی که‌رامباوگاو ده‌که‌ن؟**

**بێنینا**

**چوزانم ..... گسکدان .... له ئوتێلدا.**

**باوک**

**ئا، ئه‌و جۆره ئیشانه لێره و له‌وێ ده‌ست ده‌که‌ون ... ئه‌وه ناهێنێ مرۆڤ له‌پێناویدا خۆی بگه‌یه‌نێته ئیتاڵیا. ( وچان ) له‌لام بمێنه‌وه.**

**بێنینا**

**ئه‌وه‌تا دانیشتووم.**

**باوک**

**نزیکتر ... له‌کوێیت؟**

**بێنینا**

لێره.

باوك

( هەمدیس دەست ڕایەڵ دەكا ) لەلام دانیشه. ( بۆ لای خۆی كێشدەكا، باوەشی پێدا دەكا.) دەتوانیت لەسەر ئەژنۆم دانیشیت ... وەك ئەو كاتەی كە بچكۆلە بوویت.

بێنینا

نا ... من ئیدی زۆر گەورەم.

باوك

تۆ زۆر گەوره نیت كە لەسەر ئەژنۆم دانیشیت.

بێنینا

با.

باوك

بیرت نایە كە من هەمیشه گەمەم لەگەڵ دەكردیت؟ بیرت نایە چەند میهرەبان بووم لەگەڵت .... كەروێشكێكم دایتێ تا بۆ خۆت گەمەی لەگەڵ بكەیت ... بە گوێ قووتەكانی ... بیرتە؟ بیرتە چۆن

کەروێشکەکە هەڵدەلەرزی؟ ( وچانێکی کورت ) ئەرێ ناوی چی بوو؟ بیرتە؟

بێنینا

من ئێستا ئیدی مناڵ نیم.

باوک

نا.

بێنینا

ئیدی منالٚ نیم.

باوک

نا ... ئەی چیت؟

بێنینا

هیچ نیم.

باوک

ئەی چیت؟ ( توندتر بەخۆیەوە دەیگوشێ ) تۆ ژنیت؟

**( بێدەنگی )**

**باوك**

**بوویتەتە ژن؟**

**بێنینا**

**ئیدی هیچ منالێك لەئارادا نییە.**

**باوك**

**بێدەنگ. ( نەوازشی دەكا ) قژت چ لێكردووە؟**

**بێنینا**

**بڕیومە.**

**باوك**

**زۆر جوان بوو.**

**بێنینا**

**ناچار بووم ... لەبەرئەوەی چ شتێك ڕوونەدا ....**

**باوك**

تۆ بە قژە ڕەشە درێژەکەتەوە زۆر جوان بوویت.

بێنینا

بەهەرحاڵ ئیدی ئەوە جۆرە گۆڕانگارییەکە.

باوک

ژنان دەبێ قژی درێژ ... درێژی جوانیان هەبێ ... ژنان نابێ شێوەیان لەپیاو بچێت و وەک پیاو بن.

بێنینا

ڕۆژێکیان هەموو ژنەکان قژی خۆیان بڕی.

باوک

ئەوە شتێکی بێ مانایە.

بێنینا

بەهەرحاڵ ئاوها ئاسانترە کە مرۆڤ پاکوخاوێنی خۆی ڕاگرێ.

باوک

دیسان لێوت سوور بکەوە.

( بێدەنگی )

**باوک**

چ ئارامییەکە.

**بێنینا**

( هەوڵ دەدا هەستێ ) ئێستا دەمەوێ بڕۆم.

**باوک**

نا، دانیشە.

( بێدەنگی )

**باوک**

بدوێ.

**بێنینا**

چی؟

**باوک**

بۆم بدوێ.

**بێنینا**

**چ شتێکم نییە بیلێم.**

**باوک**

**چ دەنکێکت هەیە؟**

**بێنینا**

**نا.**

**باوک**

**نیتە؟ ( وچان ) هێشتا لەگەڵ هیچ کوڕێکدا نەبوویت؟**

**( بێدەنگی )**

**باوک**

**بوویت؟**

**بێنینا**

**نا.**

باوك

ئاخر تۆ ئێستا گەورەیت.

( بێدەنگی )

باوك

مەمك و هەموو شتێكت هەیە.

بێنینا

نا.

باوك

من دەستی لێدەدەم.

بێنینا

دێشێت.

باوك

ڕاوەستە. تكایە.

بێنینا

بەرمدە.

باوك

لەلام بمێنەوە.

بێنینا

باوکە.

باوك

دەبێ یەکێك لەلام بمێنێتەوە.

بێنینا

باوکە، مەکە.

باوك

تۆ هیچ باوکت نییە. تۆ هیچت نییە. هەروەها منیش.

بێنینا

هەی دزێوی قوڕمساخ. تۆیش ڕێك وەك ئەوانی تر وایت. ( خۆی بەر دەدا. بلوسەکەی هەڵدەتڵیشێنێت. جێگە برینێکی گەورەی خاچ  بە پشتییەوەیەتی کە بەنێوان شانیدا ڕۆچووە.)

( ئیڤان دێتە دەرەوە. لە ژووری نووستنەکە لەگەڵ دایکدا بووە.
باوك دەنۆڕێ )

( باوك هەستدەکا کەسێك لەوێیە )

( بێدەنگی )

باوك
ببوورە. ( بێدەنگی ) ئەوە هەڵەی من نەبوو.

( بێدەنگی )

باوك
پێویستە گوێ ڕادێریت ....

( بێدەنگی )

باوك
تۆ کێیت؟ ( وچانێکی کورت ) خۆتیت؟

( بێدەنگی )

**باوک**

وەڵام بدەرەوە. ( وچانێکی کورت ) من دەزانم کەسێك لێرەیە. ( هەڵدەسێ، بەو ناوەدا دێت و دەچێ. ئەو هەمیشە ئەو پاڵتۆ سەربازییە درێژە پیسە ڕەشە مەیلەو بۆرەی لەبەردایە )

( بێدەنگی )

**باوک**

دە وەرە ئێرە. وەرە ئێرە و دەسپەڕم بۆ بکە.

( ئیڤان دەیەوێ شتێکی پێبڵێ، بەڵام ناتوانێ )

**باوک**

وەڵام بدەرەوە! ( وچانی کورت ) ئەوە کێیە؟

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( هەمووان لەدەرەوەی ماڵەکە دانیشتوون. سێمیرا لەنێوان دایك و ئیڤاندا دانیشتووە. )

( ڕووناکییەکی بەتین )

( بە پەنجە تەپڵ بە کورسییەکە لێدەدا و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت، شتێك کە زۆر جار دەیکات. )

( ئیڤان دەست دەخاتە سەر ئەو دەستەی کە تەپڵەکەی پێ لێدەدا .)

دایك

( بۆ بێینینا ) هیچت ناوێت؟

باوك

زیاترم ناوێت. ( نانەکەی هەڵدەدات )

دایك

ناااااااااااا.

( بێدەنگی )

باوك

ئەمڕۆ گەرمی کرد. ( وچانێکی کورت ) گوتم هەڵبەت ئەمڕۆ گەرمە.

دایك

ئا. ( بۆ سێمیرا کە هەمدیس بە پەنجە کەوتۆتەوە تەپڵ لێدان ) بەسە.

باوك

ئا، بەسە، ئەگینا دێم پەنجەکانت دەقرتێنم.

( بێدەنگی )

باوك

( لا بۆ لای دایك دەکاتەوە ) ئەمڕۆ چ کارێکت هەیە؟

دایك

کێ؟

باوك

تۆ. من قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم.

( بێدەنگی )

**دایک**

دەچم بۆ گوند.

**باوک**

لە گوند چ دەکەیت؟

**دایک**

چاوەڕێ.

**باوک**

چاوەڕێ؟

**دایک**

چاوەڕێی ئەوەی بەشکو کارتۆنە خواردنێك بێت.

**سێمیرا**

بەدرێژایی هەفتە نەهاتبوو.

دایك

بەهەرحاڵ مرۆڤ دەبێ بچێت بۆ ئەوێ.

( بێدەنگی )

سێمیرا

کاتێ گەورە دەبم هەموو جەستەم بۆمبڕێژ دەکەم و دەچم بۆ ناو ئەوانەی نێو کەنیسە و خۆمیان پێدا دەتەقێنمەوە و وا هەلاهەلایان دەکەم کە کەس بۆی نەدۆزرێنەوە. پوفف.

( دایك هەڵدەسێ، دەستی دەنێتە سەر دەمی سێمیرا )

باوك

پەتاتەکانت ناوەتە سەر ئاگر؟

دایك

پەتاتە لەکوێ بێنم؟

باوك

کەواتە لە برسا دەمرین؟


www.pertwk.com

( بێدەنگی )

( سێمیرا بە پەنجە تەپڵ لێدەدا )

دایك

( بە سێمیرادا دەكێشێ ) بەسە!

سێمیرا

خۆت بەسە.

( ئیڤان دەستی دەگرێ و ڕایدەگرێ )

سێمیرا

خەڵكی لە تەلەفیزیۆنی ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە بۆ ئێرە هاتبوون و لەگەڵ دایكم و بێنینادا قسەیان دەكرد كاتێ سەربازەكان لەلامان بوون و هەموو پیاوەكانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوون. بێنینا تەنها چەند وشەیەكی كەمی ئینگلیزی دەزانی. بەڵام ئێستا زۆر وشەی ناشیرین دەزانێ.

باوك

ئا، لێرە ڕۆژنامەنووسان وەك مێشی سەر لاشەیەكی مردوو، زۆرن.

سێمیرا

ئێستا كەس نایەوێ پرسیارمان لەبارەی چ شتێكەوە لێبكات.

ئیڤان

( بەبێدەنگی دەڵێ ) من ئێستا دەڕۆم.

دایك

( بێدەنگ ) چاوەڕێم بكە.

باوك

گوتت چی؟

دایك

هیچ.

سێمیرا

خانمێكی پیر چاویلكەیەكی هەتاوی پێدام، بەڵام دایكم فرۆشتی.


www.pertwk.com

( بێدەنگی )

**ئیڤان**

( بێدەنگ ) دەی با بڕۆین.

**سێمیرا**

منیش دێم.

**دایک**

نا، تۆ لەماڵەوە بمێنەوە.

**سێمیرا**

بۆچی؟

**دایک**

لەبەرئەوەی من دەڵێم.

**سێمیرا**

مامە ئیڤان، ناکرێ منیش بێم؟

**باوك**

**ئیڤان؟**

**دایك**

**ئا، سێمیرا بیری دەكرد.**

**سێمیرا**

**ئا، بە هەڵە گوتم.**

**باوك**

**بۆچی گوتت ئیڤان؟**

**دایك**

**ئا، بەڵام سێمیرا لەبارەی ئەوەوە قسەی زۆر كردووە. كە دیار نەما خەفەتی زۆر بۆ خوارد.**

**سێمیرا**

**ئا. بیرم دەكرد. بیری مامە ئیڤانم دەكرد. ئەو شەهیدە. شەهیدێكی ڕاستەقینەیە. شەهیدێكی پیرە بە چاویلكەیەكی كۆنی ناقۆڵاوە.**

باوك

تەنها بەوەی مردووە نابێتە شەهید.

سێمیرا

نا.

( بێدەنگی )

باوك

بێنینا لەكوێیە؟

دایك

لێرەیە.

باوك

چاكە .... پاچێك دەستدەكەوێت.

دایك

پاچ؟ بۆچیتە؟

باوك


www.pertwk.com

دەمەوێ ئەم ئەرزە نەعلەتییە هەڵکەنم تا بەڵکو شتێکی تێدا بچێنین.

دایک

چی تێدا دەچێنیت؟

باوک

هەر گوویەك بێ دەیچێنم. تەنها ئەوە بێت گەشە بکا. هەڵبەت دەبێ شتێك بوونی هەبێت. کچەکان دەکرێ بچنە دەرێ و بەدوای تۆو و پیازدا بگەڕێن. دەتوانن لەو ماڵ و حەوشانەدا بگەڕێن کە ئیدی کەسیان لێ ناژین. گەر گوڵە پیازیان دۆزییەوە ئەوا دەتوانین بیچێنین و کاتێ گوڵەکانی گەورە بوون بیانفرۆشین. ئەگینا با بچنە دەرەوە و بکەونە سواڵ.

دایک

کەس نییە خاوەنی هیچ بێت.

باوک

لێرە نا، نا، بەڵکو لە دەرەوە لە جاددە گەورەکانا.

دایک

وەك كوێرێك باشترە خۆت بڕۆیت. هاسانترە بۆ خەڵكی خێر بە كوێرێك بكەن.

**باوك**

من قەت سواڵم نەكردووە. من سواڵكەر نیم.

**دایك**

ئەوانیش سواڵكەر نین.

**باوك**

نا، بەڵام ئەوان بیریان دەچێتەوە. بەڵام من نا.

**دایك**

ئەوانیش بیریان ناچێتەوە.

( بێدەنگی )

**سێمیرا**

دایكە بۆم هەیە نانەكەی بێنینا ببەم؟

**دایك**

نا.

سێمیرا

خۆ ئەو نایخوا.

دایک

گوتم نا.

سێمیرا

بۆچی؟

دایک

نا.

سێمیرا

دەڵەقۆڕی قەحبەی گوو. تۆ مێشکت باش ئیش ناکات.

( دایک لێی دەدا )

باوک

( قۆڵی سێمیرا دەگرێ و لێی دەدا ) گەر جارێکی تر ئەو قسەیە دووبارە بکەیتەوە ئەوا لە ژێر قامچیدا داتدەڕزێنم.

سێمیرا

جا چش. منەتت نەبێ.

دایک

نازانێ چ دەڵێ.

سێمیرا

بەڵێ دەزانم چ دەڵێم.

( ئیڤان هەڵدەسێ )

سێمیرا

ڕەنگە شتێك بڵێم.

باوك

چی؟

دایک

هیچ نالێیت.

سێمیرا

گەر نەهێڵن لەگەڵتان بێم.

( دایك لەوێ دەڕوا و دەچێتە ماڵەوە )

( بێدەنگی )

باوك

ڕۆیشت؟

( بێدەنگی )

( باوك نانەکەی خۆی دادا بە سێمیرا )

سێمیرا

نامەوێت.

( تاریکی )


www.pertwk.com

( ڕووناکی )

( ئیڤان بەرامبەری باوك دادەنیشێت. باوك هەست بە دردۆنگیی دەکا، بەڵام نازانێ بۆچی. ئیڤان هەوڵدەدا زاری بکاتەوە و بۆ "باوك" ی باس بکات کە ئەم لە ژیاندایە، بەڵام توانای نییە. دەست ڕایەڵ دەکات تا باڵی باوك بگرێت، بەڵام توانای نییە. )

( دایك دێتە دەرەوە )

باوك

ئەوە تۆیت؟

دایك

ئا. ( بە بێدەنگی بە ئیڤان دەڵێت کە ئەو دەبێ لەوێ بڕوات، بەڵام ئیڤان ناجوڵێ )

( بێنینا لەوێ دەڕوات )

باوك

دەڕۆیت؟

دایك

هەرئێستا.

باوك

بۆ گوند؟

( بێدەنگیی )

باوك

هەڵبەت دەتەوێ بۆ گوند بڕۆیت؟

( بێدەنگی )

باوك

کەی دەگەڕێیتەوە؟

دایك

دوایی دەگەڕێمەوە.

( بێدەنگی )

باوك

هەڵبەت دەگەڕێیتەوە؟

دایك

ئەی گوایە چی دەکەم؟

باوك

ئا، خۆ تۆ مناڵت هەن و دەبێ ئاگات لێیان بێ.

( ئیڤان هەڵدەستێ )

باوك

( بەڕێی خۆیدا دەڕوا، بە ئەسپایی بەر ئیڤان دەکەوێ) ڕاوەستە.

دایك

دەبێ ئێستا بڕۆم.

باوك

ئەدی من چ بکەم؟

دایك

( بێدەنگ ) هیچ مەکە ... چۆنیت هەر وابە.

باوك

تەنانەت ناتوانم تۆڵەیش بکەمەوە. کەسم نییە تۆڵەم بۆ بکاتەوە. ناتوانم هیچ شتێك بکەم. پێتوایە ئەمە چۆنە؟ پێتوایە ئەمە چۆنە کە پێویست بێ بە درێژایی کات لە تاریکیکدا بیت؟ بەڵام بەخۆت بڵێی هەر کە کات تێبپەڕێ ئیدی مرۆڤ ڕادێ، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ. مرۆڤ بەهای لە بەهای سەگێك زیاتر نییە. بەڵام سەگ هیچ شتێکی تر نازانێ، ئەو ڕەنگە کەسێك بدۆزێتەوە کە ئاگای لێی بێ و یارمەتی بدات کە ئیدی کاتێ چ ئومێدێك نەبێت لەخۆڕا ئازار نەچێژێت. ( بێدەنگ دەبێ، بێجووڵە دادەنیشێت، لا دەکاتەوە وەك ئەوەی هەستی بە ئامادەگیی کەسێکی تر کردبێت)

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( سێمیرا دێتە دەرەوە )

( باوک لای بۆ دەکاتەوە )

سێمیرا

( یاری شەڕ دەکات ) وریابن، وریابن! منالّینە، پەنا بگرن! خۆتان حەشاردەن! .... دایکە، قۆڵم ... قۆڵم ... باوکە، باوکە. ( بەرەو لای باوکی دەچێ ) نازانم چی بکەم.

باوک

جگە لە تۆ کەسی تر لێرە نییە؟

سێمیرا

با .... تۆیش لێرەیت.

باوک

ئێرە زۆر گەرمە. یارمەتیم بدە بچینە بەر سێبەرەکە.

( سێمیرا دەستی دەگرێ و بۆ بەر سێبەرەکە ڕێنوێنیی دەکات )

باوک

بۆ کوێ دەچین؟

سێمیرا

بەڕێوەین بچین بۆ ئیتاڵیا.

باوك

( دادەنیشێت ) ئا، ئێرە باشترە ... ئەدی ئەوانی تر لە کوێن؟

سێمیرا

دایکم لە گوندە.

باوك

ئەی خوشکەکەت لە کوێیە؟

سێمیرا

نەمبینیوە. ئەو بەردەوام لە دەرەوەیە. من وا ڕاهاتووم لە ماڵەوە بم، بەڵام جیاوازی نییە. من خۆم حەزم بەوەیە، ئاخر دەتوانم باشتر بیربکەمەوە. کە گەورە بووم حەز دەکەم هەمیشە بەتەنیا بم. ئەوسا دەتوانم هەمیشە ئەو شتە بکەم کە خۆم دەمەوێ. دەتوانم کەی بمەوێ بچمە دەرێ و بۆ ماڵەوە بێمەوە. ئیدی هیچ کەس بڕیار نادا لەسەر ئەوەی کە دەبێ من چی بپۆشم. گەر خۆم نەمەوێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك نان نەخۆم یاخۆ تەنها لەجێگەکەمدا ڕاکشێم، دەتوانم وا بکەم. من پێموایە کە دەبێ

کتێب بنووسم و بە هەموو زوبانەکان چاپیان بکەم تا بتوانم بۆ ئەو وڵاتانە سەفەر بکەم کە کتێبەکانی منیان لێ هەن، بەڵام کەس نەزانێ من کێم. من ئازادم. من دەبێ جگەرەیەکی زۆر زۆر بکێشم و بەدرێژایی شەو بێداربم و گوێ بۆ مۆسیقا ڕادێرم. من نامەوێ نان بخۆم لەبەرئەوەی پێموایە کە ئاوها ساناترە کاتێ مرۆڤ بیەوێت کتێب بنووسێ. نامەوێ شوو بکەم، باوەڕم بە خۆشەویستی نییە. بەڵام حەز دەکەم کاتێ پارەیەکی زۆرم شك برد خانوویەك بۆ دایك و باوکم بکڕم.

( بێدەنگی )

سێمیرا

ئەوسا ڕەنگە بتوانم پارە بدەمە دکتۆرێکی چاو تا بتوانێت نەشتەرگەریت بۆ بکا و بتوانیت هەمدیس ببینیت.

باوك

نامەوێ جارێکی تر ببینم.

( بێدەنگی )

سێمیرا

باوکە.

باوک

تەنها گەندو گوو هەیە بیبینت. ئێستا بێدەنگ بە.

سێمیرا

بیربکەوە گەر ....

باوک

چی؟

سێمیرا

بیربکەوە گەر ئەو نەمردبێ.

باوک

کێ نەمردبێ؟

سێمیرا

بیربکەوە گەر مامە ئیڤان زیندوو بێت. بیربکەوە گەر نەمردبێ.

باوک

**بۆچی دەبێ نەمردبێ؟**

**سێمیرا**

**بەوە شادومان دەبیت؟**

**باوک**

**بۆچی شادومان بم؟ ( وچانێکی کورت ) نازانم ئاخۆ لەمەودوا بتوانم شادومان بم.**

**سێمیرا**

**بۆچی؟ لەبەرئەوەی شەڕە؟**

**باوک**

**من قەت شادومان نەبووم. من کارم کردووە. کاتم نەبووە تا شادومان یان شتی تر بم.**

**سێمیرا**

**بەڵام ئەگەر ئەو بێت بۆ ئێرە .... چ دەکەیت؟**

**باوک**

**ئا، چی بکەم باشە؟**

**سێمیرا**

**دەتوانێت لێرە لەگەڵ ئێمەدا بژی؟**

**باوک**

**ئا .... بەڵام هەڵبەت ئەو تەگبیری خۆی دەکات. ( وچانێکی کورت ) بەڵام ئەو وا ناکات.**

**سێمیرا**

**چی ناکات؟**

**باوک**

**ناگەڕێتەوە.**

**سێمیرا**

**بۆچی؟**

**باوک**

**لەبەرئەوەی کەس نییە بگەڕێتەوە ... ئێمە خودا خوڵقاندووینی و ڕۆژێکیش دەگەڕێینەوە بۆ لای .... و لەوێ دەمێنینەوە.**

**سێمیرا**

**دەزانم.**

**( بێدەنگی )**

**سێمیرا**

**باوکە.**

**باوک**

**دەمەوێ بنووم.**

**سێمیرا**

**شتێك دەزانم.**

**باوک**

**ئا .... ئا.**

**سێمیرا**

**بەڵام بۆم نییە بیڵێم.**

**( بێدەنگی )**

هەرچەندە بۆم نەبوو بەڵام بە دزییەوە شوێن بێنینا کەوتم بۆ ویستگەکە. لەوێ پیرەمێردێك هات بۆ لای و لەگەڵیدا کەوتە قسە. پیرەمێردەکە قەڵەو بوو. من پێموایە ئەو پیرمێردە لەوێ، لە وێستگەکە ئیش دەکات. پاشان لەوێ ڕۆیشتن و منیش بەدوایاندا ڕۆیشتم. پاشان چوونە خانوویەکەوە و منیش تەنها دەمویست بزانم بۆچی بێنینا چووە ئەوێ، بۆیە منیش بەدوایدا چووم. ڕۆیشتن بۆ لای کەسێك کە لەوێ دەژیا. ئەوسا بێنینا چاوی بە من کەوت و تووڕە بوو، گوتی کە من دەبێ بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە. بەڵام ئەوسا پیرێژنێك هات کە لەوێ دەژیا و گوتی دەبێ من بمێنمەوە. ئیدی لەگەڵ بێنینادا بەشەڕهاتن و گوتی دەتوانم چیم پێخۆش بێ ئەوە بکەم و ئەوسا لەگەڵ خۆیدا بردمییە دەرەوە بۆ بانیژەکەی و لێی پرسیم ئاخۆ تەمەنم چەندە. پێمگوت تەمەنم یازدەساڵانە، لەبەرئەوەی ئەوسا تەمەنم ئەوەندە بوو. ئەوسا پیرەمێردەکە هاتە دەرەوە و گوتی کە من زۆر گچکەم، بەڵام پیرێژنەکە گوتی گەر خۆم بمەوێ ئەوا پیرەمێردەکە هەر چییەکی گوت بە قسەی بکەم، بەڵام پیرەمێردەکە گوتی کە من تەنها بنەمۆمێکم، بەڵام ئەوسا پیرێژنەکە پێی گوتم هەر کاتێ بمەوێ دەتوانم بچم بۆ ئەوێ و پاشان گوتی کە من لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بچمە ژوورێکی بچووك کە لەوێ تەنها دۆشەکێك

له ئەرزەکەدا ڕاخراو و پاشان ئەو هاتە ژوورەوە، پاشان ئیشی خۆی لەگەڵدا کردم، بەڵام گوتی خۆی ئارەزووی لێ نییە.

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( ئیڤان لە دەرەوە دانیشتووە. دایک شت کۆدەکاتەوە. بێنینا و سێمیرا لە قوژبنێکدا دانیشتوون )

ئیڤان

نا.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ناتوانم.

دایک

نا، ناتوانیت.

ئیڤان

لەمە تێناگەیت؟

دایك

ئا ...

ئیڤان

من بوونەوەرێکی ئاوها نیم.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئەو برامە ... ناتوانم ئەوە بکەم.

دایك

ئەی کێ دەتوانێت؟

ئیڤان

نا.

دایك

زۆر شت هەن کە مرۆڤ پێی وایە ناتوانێ بیانکات.

**ئیڤان**

**نا.**

**دایك**

**بەرلەوەی شەڕ هەڵایسێت .... وەك ئەوە وابوو كاتێكی تر بێت.**

**( بێدەنگی )**

**( ئیڤان بلووسەكەی بەنێو سەریدا ڕادەكێشێت، لە حەژمەت ئازار ناڵەیەك دەكا )**

**دایك**

**ئێشێت؟**

**ئیڤان**

**هەمیشە ئێشێت. ( وچان ) پێموایە لەبری ئەوە ئێمە لێرە ڕاكەین.**

**دایك**

**بۆ كوێ؟ بۆ كوێ سەری خۆمان هەڵگرین؟**

ئیڤان

بۆ هەر دۆزەخێك ... كە لەوێ پیاو لە كۆڵ وەبیرهێنانەوە بێتەوە. هەر ئەمڕۆ دەتوانین بڕۆین. دەتوانین هەوڵ بدەین جێگەیەك بدۆزینەوە كە لەوێ دەست پێبكەینەوە .... لەوێ كەس نەماننناسێت، لەوێ ئێمە پاكین.

دایك

چۆن؟ بێ پارە و بێ خواردن؟

ئیڤان

خۆ لێرە خراپتر نابێ. هەر ئێستا دەڕۆین.

دایك

بڕستی ئەوەم نییە بۆ هیچ شوێنێك بچم.

ئیڤان

نازانم چی بكەم .... ناتوانم لێرە بمێنمەوە. هەندێ جار وا هەست دەكەم وا تەماشام دەكات وەك ئەوەی بمبینێت، وەك ئەوەی بزانێت كە لێرەم ... وەك ئەوەی كە تەنها گەمەم لەگەڵدا بكات. ئەو هەمیشە ڕقی لێم بووە، كە گەنج بووم سووكایەتی

پێدەکردم چونکە من خەریکی کتێب و خاوەن بیرکردنەوەی خۆم بووم، لەبری ئەوەی کە حەزم لە فتبۆڵێن و ئوتومبیل بێ و خەریکی بەزم ورەزم بم. هەر کە دەسەلاتی هەبووایە زللەیەك یاخۆ شەقێکی لێدەدام و بەسەرما دەیقیژاند کە بچمە دەرەوە و ئیش بکەم.

دایک

ئێستایش ژنەکەیت داگیر کردووە.

ئیڤان

بۆ وا دەڵێیت؟

دایک

ئاخر من هی ئەوم.

ئیڤان

من چ شتێکم داگیر نەکردووە کە خۆت پێتنەدابم. ئەوە کاتێ ڕوویدا کە من پێموابوو تۆ تەنیایت. تۆ ئیدی هی ئەو نەبوویت.

دایک

هی ئەوم.

**ئیڤان**

**نا.**

**دایک**

**تا ئەو لەژیاندا بێ هی ئەوم.**

**ئیڤان**

**نا، هی خۆمیت.**

**دایک**

**بەڕاست؟**

**ئیڤان**

**ئا، تۆ هی خۆمیت. ( لەئامێزی دەگرێ )**

**( بێدەنگی )**

**دایک**

**باشە تۆ منت بۆ چییە؟**

ئیڤان

خۆت گوێت لێبوو. دەبێ بڕۆین. ئەو شتانە کۆبکەوە کە پێویستە بیانبەین و ئیدی شەو دەڕۆین، کاتێ کە ئەوانیتر نوستوون.

دایک

ئەوانی تر؟

ئیڤان

ئا.

دایک

ئەوان کێن؟

ئیڤان

ئەوانی تر.

دایک

مەبەستت منداڵەکانە؟ ( وچانێکی کورت ) ئەوان نابێ لەگەڵمان بێن؟

**ئیڤان**

**هەڵبەت نابێ.**

**دایک**

**مەبەستت ئەوەیە دەبێ لێرە جێیان بێڵم؟**

**ئیڤان**

**ناتوانین ئەوان لەگەڵ خۆمان ببەین. جارێ لەهیچ شوێنێك جێگیر نەبووین، کاتێ شتەکانمان ڕێکخست ئەوسا دەنێرین بەدوایانا.**

**دایک**

**پێتوایە بتوانم دەسبەرداریان بم؟**

**ئیڤان**

**ئەمە تەنها شتێکی کاتییە ... تا ئەو کاتەی لە شوێنێك جێگیر دەبین.**

**دایک**

**نا.**

ئیڤان

خۆ ئەوان باوکی خۆیان هەیە؟

دایك

بەبێ ئەوان بۆ هیچ شوێنێك ناچم.

ئیڤان

خۆ دەبێ یەکێك بمێنێتەوە و ئاگای لەو بێت.

دایك

بەبێ ئەوان ناڕۆم. تۆ خۆت بڕۆ.

سێمیرا و بێنینا

بێدەنگ.

( باوك دێتە دەرەوە، پێی لە شتێك هەڵدەدێرێت، دەکەوێت، هەڵدەسێتەوە )

ئیڤان

مەسەلەکەی بۆ دەگێڕمەوە.

**باوك**

**چ كەسێك لێرەیە؟ ( بێدەنگی ) كێیە؟**

**دایك**

**چیت دەوێ؟**

**باوك**

**لەگەڵ كێ قسان دەكەیت؟ ئەوی تر كێیە؟**

**دایك**

**كام ئەویتر؟**

**باوك**

**ئەوەی كە قسانی لەگەڵ دەكەیت؟**

**دایك**

**كەس لێرە نییە.**

**باوك**

**پێموابوو گوێم لەدەنگی كەسێك بوو ... پێموابوو چەند دەنگێك دەژنەوم ... وامزانی لە ئۆردوگام و لە خەیاڵی ئەوەدا بووم بچم**

بۆ ئاودەست .... ئەو کەسەی لەسەر تەختەکە لەلامەوە دەنووست، لە شەودا مردبوو ... ئەو ئەندازیارێك بوو. هەمیشە مەراقی پاکوتەمیزیی بوو ... پارچە سابونێکی دۆزیبۆوە کە لەبن باڵیدا دەیشاردەوە .... ئاخر نەدبوو بونیام شتی وای پێببێت. من وامزانی تۆ لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکەیت.

دایك

تەنها خۆمم.

باوك

تەنها خۆت؟ ( وچانێکی کورت ) وامزانی گوێم لە دەنگ بووە.

دایك

بڕۆ ژوورەوە و بۆ خۆت ڕاکشێ.

باوك

گوتت چی؟

دایك

حەوسەڵەی ئەوەم نییە بتبینم. بڕۆ ون بە.

باوك

چيت گوت، هەی مالۆسی نەفرەتیی. بونیام دەبێ ئاوها لەگەڵ قارەمانێکی شەڕدا بدوێ کە چاوی لەپێناوی نیشتیماندا داناوە؟

دایك

قارەمانی شەڕ؟ تۆ؟

باوك

ئا، بەڵێ من. جوان ڕەفتار بکە.

دایك

ئەوە چ قارەمانێکە کە وەك سواڵکەرێك بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە و مۆڵەت دەداتە کیژەکەی کە هەموو شەوێك جەستەی خۆی بفرۆشێت، هەی شەیتانی گواویی؟

باوك

ئیتر بەسە. ئەگینا دەکێشم بەدەمتا. ئیتر لە وزەمدا نەما. دەبێ پیشانت بدەم کە بڕیار بەدەست کێیە. ( بەو ناوەدا دەگەڕێ، تەواوێك نائومێد، بەدوای دایکدا دەگەڕێ و پێیدا دەکێشێ، شت دەگرێتە هەوای خاڵیی، دەکەوێت، هەڵدەسێتەوە.) ڕاوەستە، توو دۆزەخ. ڕاوەستە ... بزانە چۆن دەتکوژم.

( ئیڤان دەکەوێتە پێکەنین. دایکیش پێدەکەنێ )

باوک

ئەوە کێیە؟ ( وچان ) ئەوە کێیە پێدەکەنێ؟

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( بێنینا دەگەڕێتەوە. ئیڤان دادەنیشێ )

( بێنینا لەسەر کورسییەك دادەنیشێت، جگەرەیەك دادەگیرسێنێت، پێڵاوەکانی دادەکەنێ )

( بێدەنگی )

ئیڤان

جگەرەیەکت پێیە؟

( بێنینا پاکەتەکەی دەداتێ )

ئیڤان

ئەمەریکییە؟

بێنینا

ئا.

( بێدەنگی )

ئیڤان

چۆنیت؟

( بێدەنگی )

ئیڤان

باشیت؟

بێنینا

ئازارێکی قوڕ لە پێوپلمایە.

ئیڤان

پێوپلت؟

بێنینا

هی ئەو پێڵاوە لەعنەتییانەیە.

( بێدەنگی )

بێنینا

بڕستم نییە لەوەزیاتر بڕۆم.

ئیڤان

( کوپێك چای بۆ ڕایەڵ دەکا ) چا دەخۆیتەوە؟

( بێنینا وەڵام ناداتەوە، شان هەڵدەتکێنێ )

ئیڤان

ساردی کرد.

( بێدەنگی )

ئیڤان

ئەی شەو چۆن دەبێ؟

بێنینا

( هەمدیس شان هەڵدەتەکێنێ) وەك جاران.

( بێدەنگی )

بێنینا

چ تەمێکی نەعلەتیی بوو. بونیام هیچی نەدەبینی. بونیام تا ئوتومبێلەکانی بەلادا تێنەدەپەڕین نەیدەبینین. یەك لۆریی قوڕمساخ خەریك ببوو بمکات بەژێرەوە.

ئیڤان

ئا، ئەمشەو شێی هەیە.

بێنینا

پاشان ڕاوەستا. نەمدەزانی ئاخۆ دەبێ بچم بۆ لای، بەڵام پاشان چووم. تەواوی ئەو ڕێگە لەعنەتییە ڕۆیشتم. ( وچانێکی کورت ) پاشان ئەو ویستی بەر لەوەی هیچ شتێك بکات بەرەو گەڕاژێك لێبخوڕێت. چەند کیلۆمەترێك ڕۆیشتم. تەنانەت ئاویش نەبوو بونیام دەستی پێ بشوات.



www.pertwk.com

ئیڤان

لەکوێ؟

بێنینا

لە ئاودەستەکەی ئەوێ، لە چایخانەکەی ڕێگە.

ئیڤان

چاکە.

بێنینا

چ جێگەیەکی لەعنەتیی بوو.

ئیڤان

ڕۆژێك لەڕۆژان شوێنێکی جوان بووە. ( وچان ) هەڵبەت زۆر کەس ئێستا بەدەرەوەن و ترومبێل لێدەخوڕن.

بێنینا

وا دێتە پێش چاو.

ئیڤان

بەڵام خۆ تۆ گەنجیت.

بێنینا

ئیدی زۆر گەنج نیم.

ئیڤان

هەڵبەت ئەوان تا بکرێ لە هەوڵی پەیداکردنی گەنجدان.

بێنینا

زوربەی زۆریان لە من گەنجترن. من لەچاو ئەواندا پیرم.

ئیڤان

هەڵبەت ئەوان پارەی زیاتریان پێیە.

بێنینا

کێ؟

ئیڤان

ئەوانەی کە ئەو گەنجانەیان دەوێ.

بێنینا

نا، له هەموو بابەتێکن ... ڕووسەکان خراپترینن. کەسێك له ترومبیلەکه دەردەکەنه دەرەوە و تێی دەقوچێنن، کاتێ ئەو کەسەیان گیر دەکەوێت که دەیانەوێ. ئەوانه بەرازێکن بۆ خۆیان.

( بێدەنگی )

بێنینا

دەتەوێ تێی قوچێنیت؟

ئیڤان

بۆ کوێ؟

بێنینا

لێرە.

ئیڤان

بۆچی وا مەزەندە دەکەیت؟

بێنینا

دەتەوێت؟ ( وچانێکی کورت ) وەڵام بدەرەوە.

ئیڤان

نازانم .... دەبوو وا بکەم.

بێنینا

ئا، منیش.

( بێدەنگی )

بێنینا

بۆ کوێ؟

ئیڤان

بۆ کوێ؟

بێنینا

ئا.

ئیڤان

بۆ جێگەیەك ... هەر جێگەیەك بێ.

**بێنینا**

**ئا.**

**( بێدەنگی )**

**بێنینا**

**دەتوانم لەگەڵت بێم؟**

**ئیڤان**

**تۆ؟ ( وچانێکی کورت ) لەگەڵ من؟**

**بێنینا**

**ئا.**

**( بێدەنگی )**

**بێنینا**

**دەتوانم؟ دەتوانم لەگەڵت بێم؟**

**ئیڤان**

**من خۆم نازانم بۆ کوێ دەچم.**

بێنینا

باشترە کە بونیام دوو کەس بن.

ئیڤان

نابێ .... ئەی دایکت چ دەڵێ؟

بێنینا

ئەو؟ هەڵبەت ئەو گرنگیی ناداتە هەر شتێك من بیکەم. ئەو هەرگیز گرنگیی پێنەداوم. گەرنا دەبوایە ئەو ڕێگای نەدابام. هیچ دایکێك ڕێگەی شتی وا بە کچی خۆی نادات. باشتر بوو خۆی کوشتبا.

ئیڤان

بۆ ئەو سانا نییە.

بێنینا

بۆ ئەو؟

ئیڤان

دەکرێ سانا نەبێ .... کە بزانرێت ....

بێنینا

بەهەرحاڵ ... بۆ من ساناترە.

ئیڤان

هەڵبەت هێندەی لەتوانایدا بێت دەیکا.

بێنینا

بێگومان.

( بێدەنگی )

بێنینا

هەرچی بێت دەیکەم ... تەنها لێرە دەرچم.

ئیڤان

چی؟ دەتوانیت چی بکەیت؟

بێنینا

دەتوانم میهرەبان بم. دەتوانم هەر شتێك بکەم تۆ بتەوێ. تەنها ڕێگەم بدە لەگەڵت بێم.


www.pertwk.com

ئیڤان

پێتوایە شوێنێکی تر هەبێت لێرە باشتر؟

بێنینا

هەموو شوێنێك لێرە باشترە. ( وچان ) گەر ڕێگەم پێنەدەیت بێم، ئەوا سەبەینێ خۆم دەکەم بەژێر ترومبێلێکەوە. بەهەرحاڵ هیچ ئارەزوویەکی ژیانم نییە. دەتوانم وەك هەموو ئەوانی تر بمرم. وەك بیلیلنا، هاکیلی، فێزلیك، ئەدڤیا ....

( تاریکی )

( ڕووناکی )

( باوك لەسەر کورسییەك دانیشتووە. سێمیرا لە ئەرزەکەدا دانیشتووە و گەمە دەکا. دایك دێتە دەرەوە.)

( هەتاوێکی بەتین )

دایك

خوشکەکەت لەکوێیە؟


www.pertwk.com

( بێدەنگی )

دایك

ئەو قەحبە لەعنەتییە لەکوێیە؟

( بێدەنگیی )

دایك

لەکوێیە؟

سێمیرا

دایکە، ترسام.

دایك

( دەچێت بۆ لای سێمیرا ) بەرەو کوێ چووە؟

سێمیرا

نازانم. دوێنێ لێرە بوو.

دایك

تۆ دەزانیت لەکوێیە. تۆ هەمیشە دەزانیت ئەو لەکوێیە.

سێمیرا

نا.

دایک

بڵێ! ( پەلی سێمیرا دەگرێ، ڕایدەوەشێنێ ) بڵێ بۆ کوێ چووە.

سێمیرا

دایکە نازانم. بەڕاستمە.

دایک

درۆ مەکە. ( لێی دەدا )

سێمیرا

بەڕاستمە. درۆ ناکەم.

دایک

تۆ دەزانیت لەکوێیە. تۆ هەموو شتێك دەزانیت.

سێمیرا

**نا.**

**دایك**

**تۆ سەرت لەهەموو شتێك دەردەچێت.**

**سێمیرا**

**نا، هیچ نازانم.**

**دایك**

**ئێستا پێمبڵێ ئەو لەكوێیە ئەگینا دەتكوژم.**

**باوك**

**ئەم هاوار هاوارە لەعنەتییە چییە؟ ( هەڵدەستێ )**

**سێمیرا**

**نازانم، دایكە. بەڕاستمە.**

**دایك**

**( لە سێمیرا دەدا ) بڵێ!**

**سێمیرا**

**من منالّم.**

**باوك**

**توو دۆزەخ ئەوە هەرای چیتانە؟**

**دایك**

**لەگەلّیدا ڕۆیشت؟ لەگەلّ خۆیدا بردی؟**

**باوك**

**ئەریّ ئەو شەڕەتان لەسەر چییە؟**

**سیّمیرا**

**کاتیّ لەخەو هەستام ئەو لەویّ نەبوو .... ڕۆیشتبوو.**

**باوك**

**دەتوانن کەمیّك بیّدەنگتر بن؟ ناتوانن دەمتان داخەن؟ کەمیّك بیر لە وەزعی من بکەنەوە. من پیّویستم بە کەمیّك ئارامیی و حەوانەوە هەیە. من بۆ ئەوە نەهاتوومەتەوە مالّەوە تا گویّ لە قیژە قیژی ژنان ڕادیّرم. من پیّویستم بەوەیە بحەویّمەوە. پیّویستم بەوەیە بیّمەوە سەر خۆم.**

دایك

عەرەبانەكەت ڕاكێشە هەی ئیفلیجەی قوڕمساخ.

باوك

چیت گوت؟

دایك

تۆ لە هیچ تێناگەیت. تۆ بەر لەوەی كوێر بیت هەر كوێر بوویت.

( دەچێتەماڵەوە )

باوك

نەفرەت، ئەمە چییە لێرە؟ ئەرێ من لەكوێم؟ پێتان وایە من كێم؟ هەر ئەوەندەی ماوە بڕیار بدەیت كە چۆن پیاو قونی دەسڕێ. نەفرەت، ئیدی من حەوسەڵەم نەماوە. وا ئیدی خەریكیت وەك مرۆڤێكی شیاو هەڵسوكەوت دەكەیت. من لە شەڕ بووم. چووبووم بەرگری لە وڵاتەكەم و خێزانەكەم بكەم، بەرگری لە باوكم و دایكم و ژنەكەم و مناڵەكانم بكەم. من هەموو بەیانیی و ئێوارەیەك ڕووبەڕووی مەرگ بوومەتەوە. من بەتەنێ لەگەڵ مەرگا بووم. منیش دەمتوانی وەك ئیڤان بكەم و شرینقەیەكی بچووكم بە خوێنەوە لە دەممدا شاردبایەوە و كاتێ فەحسم دەكەن گازم

لێبگرتایە تا وایانبزانیایە کە هێند نەخۆشم کە لەوەیە بە کەڵکی دەست وەشاندن نەیەم. بەدرێژایی ڕۆژ زۆر میهرەبانانە باسی ئەو دەکەن، ئەوێك کە تێیقوچاند و خۆی شاردەوە. من شتی وام بینیوە کە یاخوا کەسی تر نەیبینێ. لەوانەیە کوێر بم، بەڵام بەهەرحاڵ خۆ مرۆڤم. ماڤی ئەوەم هەیە ڕێزم لێبگیرێت. من دەمەوێ شایستانە لەگەڵم ڕەفتار بکەیت ئەگینا عاقیبەتەکەی باش نابێت. گوێت لێبوو؟ گوێت لێیە چ دەڵێم؟ ( وچان ) گوێت لێیە چ دەڵێم؟

( بێدەنگی )

**سێمیرا**

ئەو لێرە نەماوە ... چووە ژوورەوە. تەنها خۆم لێرەم. (بێدەنگی)

**باوك**

ئەوە زیاتر نییە لە ماڤی خۆم ... بە سانایی ...

**سێمیرا**

بێنینا بۆی دەرچوو.

**باوك**

**بێنینا؟**

**سێمیرا**

**هەموو جلەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە.**

**باوک**

**ئا ... نیازی چییە؟**

**سێمیرا**

**ڕەنگە هەرگیز نەگەڕێتەوە.**

**باوک**

**من ناتوانم هیچ بکەم.**

**سێمیرا**

**ئەو دەیگوت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەپڕ ئەمە دەکات.**

**باوک**

**ڕۆژێك لە ڕۆژان.**

**( بێدەنگی )**

( دایك دێته دەرەوە )

**سێمیرا**

**دایکە ... چی دەکەیت؟**

**دایك**

**وەرە ئێرە.**

**سێمیرا**

**چی دەکەیت؟**

**دایك**

**دەڕۆم بیهێنمەوە.**

**سێمیرا**

**دەمەوێ لەگەڵت بێم.**

**دایك**

**نا، تۆ لێرە بمێنەوە.**

**سێمیرا**

**نا.**

**دایك**

**لێرە بمێنەوە تا من دەگەڕێمەوە. لێرە بەو ئاگات لەم بێت.**

**سێمیرا**

**نا .... دایکە.**

**دایك**

**ئێستا چیم گوت ئەوە بکە .... من دێمەوە.**

**سێمیرا**

**نا.**

**دایك**

**دوایی دێمەوە. تۆ ئێستا گەورەیت.**

**سێمیرا**

**نامەوێ .... نامەوێ بەتەنیا بم.**

**دایك**

**تۆ ئێستا گەورەیت. دەرەقەت دێیت. من دەگەڕێمەوە.**

**سێمیرا**

**من گەورە نیم .**

**( دایك دەڕوا )**

**( تاریکی )**

**( ڕووناکی )**

**( باوك لەسەر دۆشەکەکە دانیشتووە. سێمیرا لە نزیکییەوە ڕاکشاوە )**

**باوك**

**لەسەر هەمان تەختەنوێن ڕادەکشام ... من تەختەنوێنەکەم لەگەڵ دکتۆرێکدا بەش کردبوو ... بە یەك زوبان نەدەدواین، لە یەك نەدەگەیشتین .... بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان لەیەك حاڵی دەبووین ... کەچی دەمانتوانی ڕاکشێین و لەبارەی ئەم و ئەوەوە بدوێین ... لەبارەی مناڵەکانمانەوە ... لەبارەی ئیشەکەمانەوە ...**

خێزانەکەمانەوە ... لەبارەی ئەوەوە کە شێوەی منداڵەکانمان چۆنە ... چیان دەکرد ... گەمەیان بە چی دەکرد ... جێگەکەمان هێند تەنگ بوو کە ناچاربووین لەیەك کاتدا لا بکەینەوە ... دواجار دەمانزانی ئەویترمان دەیەوێ لا بکاتەوە و لەسەر لاکەی تر ڕاکشێ، ئیدی لە خەودا بەیەکەوە و لەیەك کاتدا لامان دەکردەوە ... ئەو دوو کوڕی هەبوو ... منیش بۆم باس کرد کە دوو کچم هەن ... هەمیشە شادومانن و گۆرانی دەڵێن. ئەو گێڕایەوە کە کوڕەکەی خەریکە خۆی فێری پیانۆ ژەنین دەکا. ئەو قاچی ڕاستی نەمابوو.

سێمیرا

لە شەڕدا؟

باوك

کوڕەکە نا. بەڵکو باوکی. قاچی ڕاستی نەمابوو. کاتێ بۆ ئۆردوگا هات قاچە دەسکردەکەیان لێسەند. کە دەچوو بۆ ئیش فەقیرە لەسەر یەك قاچ بەو ناوەدا لە هەوادا هەڵدەقوونییەوە . ئەو زۆر قەڵەو بوو. نزیکەی سەد و بیست کیلۆ دەبوو. لە سەری سەرەوە هاتبوو. ناوی زادیك بوو. پاشان مرد. ئەوان حەزیان نەدەکرد ئێمە پێکەوە بدوێین، بۆیە بەدرێژایی شەو مۆسیقای پۆپی ئەمریکاییان لێدەدا.

**سێمیرا**

**ئەوە چ مۆسیقایەکە؟**

**باوك**

**نازانم. هەمان گووە کە دووبارە و دووبارە دەبێتەوە. ( وچان ) دوای چەند مانگێك بۆ ئەو کارگەیە گواستمانەوە کە قایشی تەراکتۆری دروست دەکرد. ئەوان دەیانزانی کە من میکانیکییەکی شارەزام بۆیە لەوێ وەزعەکەم ئەهوەنتر بوو. ئێوارەیەکیان کاتێ گلۆپ کوژێنرایەوە و ژمارەیەك ئەفسەری گەورە لەگەڵ هاوڕێکانیانا هاتن, جلکی جوانی سەربازیی و جلکی ئاهەنگیان لەبەردا وەك ئەوەی بۆ ئاهەنگ هاتبن. بەڵام ئەوان بەر لەهاتنیان سەرخۆش بوون و دەم بە نەعرەتە و هاوار. بەدوای بەزما دەگەڕان و دەیانویست تەماشای مەیمونەکان بکەن. یەکێکیان دەیویست لەبەرچاوی هاوڕێکانیدا خۆی بە ئازا پیشان بدا. هاوڕێیەکمی ناچار دەکرد کە چەرخێکی جگەرە داگیرساندن بەچاومەوە بنێت. ئەوە دوایین جار بوو ڕوخساری ئەو هاوڕێیەم بینی.... هاوڕێکەم ...**

**( بێدەنگی )**



www.pertwk.com

باوك

ڕۆژێك دێ ئەو ئەفسەرە ببیینمەوە. ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژی بەختی من. ڕۆژێك دێ تۆڵەی خۆم بكەمەوە. ( ڕادەكشێت )

سێمیرا

بیربكەوە گەر دایكم نەگەڕێتەوە.

باوك

ئا، ئێستا بنوو.

سێمیرا

ئا.

باوك

بنوو دوایی ئەو دەگەڕێتەوە.

سێمیرا

دایكم مردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا تەگبیری خۆمان دەكەین. گەر لەگەڵم بێیت ئەوا لە سبەینێوە دەتوانم بكەومە سواڵ.

باوك

ئا، دەتوانم حەوسەڵەم هەبێ کەمێك لەدواتەوە ڕاوەستم و ئاگام لێبێ هیچ ڕوونەدا.

( بێدەنگی )

باوك

ئێستا بنوو.

( بێدەنگی )

( ئیڤان دێتە ماڵەکەوە. بەرەو لای دۆشەکەکە دەڕوا. سێمیرا تەماشای ئیڤان دەکا و دادەنیشێت )

ئیڤان

بێدەنگ.

سێمیرا

دایکم لەکوێیە.

( ئیڤان ئاماژەی بۆ دەکات کە بێدەنگ بێ و لەگەڵیدا بڕوا )


www.pertwk.com

( سێمیرا هەوڵدەدا بە بێدەنگیی لەسەر دۆشەکەکە هەستێ، تەماشای ئیڤان دەکا )

( سێمیرا چاوی بەو کتێبە دەکەوێ کە لەبن سەرینەکەدایە، خۆی بۆ هەڵگرتنی درێژ دەکا )

( باوک وەئاگا دێتەوە، سێمیرا دەگرێ، توند )

( سێمیرا لە ئازارداناڵەیەك دەکا )

باوك

ئاوها، ئەوە تۆیت ... وامزانی ئەویت.

سێمیرا

خۆمم.

باوك

ئێستا بنوو. ( وچان ) ئێستا بنوو.

( ئیڤان ئاماژە بۆ سێمیرا دەکا کە بێت )


www.pertwk.com

( سێمیرا سەر دەلەقێنێ، هەوڵدەدات لە باوەشی باوک بێتە دەرێ)

باوک

ئێستا دەنووین و خەون دەبینین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەر لە شەڕ دونیا چۆن بووە.

سێمیرا

دەبێ بڕۆم و میزەکەم بکەم.

باوک

ئا.

سێمیرا

( ئاماژە بۆ کتێبەکەی دەکا. دەچرپێنێ ) کتێبەکەم.

ئیڤان

( سەری دەلەقێنێ. دەچرپێنێ.) گووی تێکە.

( سێمیرا منجەمنج دەکا کە دەبێت کتێبەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت )

( ئیڤان بە پێدزکێ و بەوپەڕی بێدەنگیی بەرەو لای دۆشەکەکە دەچێ، بەسەر باوك دا دادەنەوێ تا کتێبەکە هەڵگرێ.)

( باوك هەست بە بوونی کەسێکی تر لە ژوورەکەدا دەکا و قۆڵی ئیڤان دەگرێ)

( بێدەنگی )

( باوك هێند دەترسێ کە دەست دەوەشێنێ و بەر ڕوخساری ئیڤان دەکەوێ )

( ئیڤان هەوڵدەدا خۆی بەر بدات )

( باوك سەری ئیڤان دەگرێ. دەستی پێدا دێنێ )

( بێدەنگیی )

باوك

( بێجووڵە ) ئیڤان؟

( بێدەنگی )



www.pertwk.com

باوك

ئیڤان؟ ئەوە تۆیت؟

ئیڤان

ئا، خۆمم.

باوك

تۆیت؟ ئەوە لێرە چ دەكەیت؟ وەزعت چۆنە؟

ئیڤان

بیستم كە بۆماڵەوە هاتوویتەوە.

باوك

ئێ.

ئیڤان

بیرم كردەوە كە ... بیرمكردەوە كە بتبینم.

( بێدەنگی )

( هەڵدەسن )

**باوك**

**بونیام باوەڕ ناكا.**

**ئیڤان**

**نا.**

**باوك**

**كه ئێمه جارێكی تر یەكتر ببینین.**

**ئیڤان**

**نا، ئەوه ...**

**باوك**

**تۆ هەڵبەت پێتوابوو كه من مردووم.**

**ئیڤان**

**ئا، بونیام نەیدەزانی كه ...**

( **بێدەنگی** )

**باوك**

**چیت دەوێ؟**

**ئیڤان**

**چیم دەوێ؟** ( **وچانێكی كورت** ) **ئا** ...

**باوك**

**بۆچی بەم نیوەی شەوە بۆ ئێرە هاتوویت؟**

**ئیڤان**

**ئا** ... **نازانم.**

( **بێدەنگی** )

**باوك**

**گوتت چی؟**

**ئیڤان**

**هیچ** ... **هیچم نەگوت.**

( بێدەنگی )

( سێمیرا بێجووڵە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستاوە. بڕیاری داوە کە نەچێتە دەرەوە )

ئیڤان

تۆ برای منیت ...

باوک

ئێ دوایی؟

ئیڤان

ئەوە .... تۆ برامیت .... تانەت گەر ئەو برایەش نەبم کە خۆت ویستبێتت. ( پێدەکەنێ ) ئیتر ئەوەیە کە هەیە. تۆ ماڤی خۆتە چۆن بیردەکەیتەوە. ئێمە هەرگیز نەمانتوانیوە بەیەکەوە بدوێین... لەبارەی هیچ شتێکی گرنگەوە.

باوک

هەڵبەت چ شتی زۆر نەبوون کە بگوترێن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت درێژە بە ژیان بدرێت.

ئیڤان

ئا.

باوك

ئا ... ئا.

( بێدەنگی )

ئیڤان

من هاتووم بۆ ئێرە تا .... هاتوم تا بڵێم خواحافیز.

باوك

ئاوها .... دەڕۆیت؟

ئیڤان

ئا، چ شتێکم نییە لێرە بیکەم. تەنها داروپەردوو ماوەتەوە ... خەڵکەکە بەو ناوەدا دەگەڕێن و خواخوایانە کەسێك ئاگای لێیان بێت ... بەڵام هیچ کەسێك ئەوە ناکا ... نازانم چ بڵێم ... ئێمە هێند لە تاریکیدا ژیاوین کە ئیدی ناتوانین ڕووناکی ببینین ... بەڵام ئەوان ئەو لاشانەیان لابردووە کە لە شەقامەکانا کەوتبوون ... ئێستا لابراون ... خەڵکانێك کە بونیام دەیناسین .... کە

لەگەڵیاندا چووبووە قوتابخانە ... بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك مابوونەوە ... تەنانەت سەگەکانیش توخنیان نەدەکەوتن ... پێتوانەبێ وەزعەکەی ئێرەیش هێند سانا بووبێت. ( پێدەکەنێ ) ژیان لێرە .... گەر پێتوایە .... پیاو نازانێ چ لەحزەیەك دەمرێت... پیاو نازانێ ماوە یان مردووە ... ئەوسا بونیام شتگەلێك دەکا کە پێی وا نەبووە دەرەقەتیان بێت ... وەك ئەوەی کەسێکی تر ئەو کارانەی کردبێت ... تۆ لەمە تێناگەیت...

باوك

لەبارەی چییەوە دەدوێیت؟

ئیڤان

هیچ. چۆن گوزەرانمان کردووە؟

باوك

ئەوە شتێکە کە مرۆڤ نابێ خۆی پێوە سەرقاڵ بکا و بیری لێبکاتەوە ... ئێستا بونیام دەبێ لە ئایندە بنۆڕێ ... زۆر باشترە کە بونیام هەوڵ بدات شتەکانی بیر بچنەوە.

ئیڤان

تەنانەت من ناچار بووم کە سەگە سپییەکەت بکوژم تا شتێکمان هەبێت بیخۆین.

( بێدەنگی )

باوك

بەو زووانە هەمدیس دەکەونەوە فتبۆڵێن. ( وچان ) تاریکە؟

ئیڤان

تاریك؟

باوك

لە دەرەوە؟

ئیڤان

نا، ڕووناکە.

باوك

شەو نییە؟

ئیڤان

**نا ... بەیانییە.**

**باوك**

**وا دەردەكەوێت ... وەك ئەوەی شەو بێت. ( وچان ) ئەرێ عومەر چۆنە؟**

**ئیڤان**

**عومەر؟**

**باوك**

**ئا، كوڕەكەت؟**

**( بێدەنگی )**

**باوك**

**بەهەرحاڵ تۆ كوڕێكت لەو ژنە بوو .....**

**ئیڤان**

**ئا، بەهەرحاڵ كوڕێكم بوو.**

**باوك**

هەڵبەت ئێستا گەورە بووە ... تەمەنی دە ... یازدە ساڵ دەبێت....

ئیڤان

نا.

باوك

تەمەنی چەندە؟

ئیڤان

مردووە.

باوك

نا.

ئیڤان

مردووە.

باوك

ئێ. ئێ.

( بێدەنگی )

**ئيڤان**

**ناچاريان كردم بەر قامچي بدەم ... بەر قامچي بدەم ... لەژێر قاميچيدا بيكوژم. ( ئاماژە بۆ سێميرا دەكا كە بەڕێی خۆيدا بڕوات ) بەڕێی خۆتەوە بڕۆ.**

**سێميرا**

**( سەر ڕادەوەشێنێ ) نا.**

**( تاريكی )**


www.pertwk.com